


# ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن

ئازاد پێنجوێنی

2017

# ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن

نوسینی

ئازاد پێنجوێنی

٢٠١٧

ناوی کتێب .... ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن
نوســینی .... ئازاد پێنجوێنی
تایپ و هەڵەچن .. ڕەوەند پێنجوێنی
نەخشە سازی بەرگ .. خەلیل ئەنوەر
پێداچونەوە ... نوسەر
دیزاین . . کۆمپیوتەری بانوو
نۆرەی چاپ ... چاپی یەکەم
ساڵی چاپ ... ٢٠١٧
چاپ .... چاپخانەی شارستان
تیراژ .... ٥٠٠ دانە
نرخ : ( ١٠٠٠) هەزار دینار .

ژمارەی موبایل ... ٠٧٥٠٨١٥٠٤١١
ژمارەی سپاردن ( ١٨٩٦ ) لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ساڵی ( ٢٠١٧ )ی پێدراوە .

## (ئازاد پێنجوێنی و ..... ..... وێستگەیەك ) ..

ئازاد پێنجوێنی بەر لەوەی وەك کەسایەتیەکی ئەدەبی بیناسین یەکێکە لە ئەکتەرە دیارەکانی بواری هونەری نواندن کە تەنها نەك هەر نواندن بەڵکو نوسەری چەندین دراماو شانۆ و سیناریۆی چەندان کورتە فیلم بووە ... بەرهەمەکانی لە زۆرێك لە کەناڵە ناوخۆیی و سەتەلایتەکاندا نیشان دراوە و بەردەوامیشە لە کارکردن تا ئەم ساتەش لە هەردوو بواری هونەر و ئەدەبدا خاوەن ئەزمونێکی دیارە لە نوسینەکانیدا ...

ئەمەش پێمان دەڵێت کە ئەم نوسەرە بەردەوام لە نوێبونەوە و ئامادەگی بەردەوامدایە ... وە خاوەن بیرکردنەوەیەکی ورد و قوڵە و دەچێتە ناخیی نوسینەکانیەوە و پشوو درێژە ... وە لە نوسینی هەر بابەتێکیدا دەتوانم بڵێم ماندوو بوون ناناسێت تا ئەو پەڕی گەیشتنی بە ڕۆح و خەیاڵدانی کەسایەتیەکان .... وە زۆر بە وریاییەوە ئەو کەسایەتیانە یاخود بڵێم ئەو مرۆڤە دەگمەنانە دەستنیشان دەکات کە لە سەریان دەنوسێت ........

نوسینی ئەم کتێبەی ئازاد پێنجوێنی لە سەر کەسایەتیە دیارەکانی نەتەوەکەمان ڕێگایەکی دوورو درێژی ناسینی کەسایەتیەکانی بە شێوازێکی واها هونەریانە بۆ کورت کردوینەتەوە .... کە لە

خوێندنەوەی یەکەم ڕستەوە تا کۆتایی پەلکێشمان بکات و چاوەڕوانی یەك لە دوای یەکی نوسینەکانی بین ...

ئەمەش خۆی لە خۆیدا هونەرە .... وە من دڵنیام ساتە وەختێك بە ڕێوەیە کە نوسینەکانی ئەو نوسەرە بە فیلمی دیکۆمێنتاری بکرێت .... ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە دیارە نوسەر دەیەوێت ئەرشیفێکی نوێی کەسایەتی و داهێنەرەکانی نەتەوەکەمان ... بە نەوەی نوێ بسپێرێت و پێیان بڵێت ئەم نیشتیمانە لە خۆڕا نەهاتوەتە بوون ... وەك ئەوەی ( لامارتین ) دەڵێت : خۆڵەمێشی مردوەکان وڵاتیان دروست کردوە ...

خەم و ئەندێشەکانی نوسەر ئاوێتەی هەناسەو ڕۆحی ئەو کەسایەتیانە بووە کە قسەی لەسەر کردون. بۆیە لە خوێندنەوەی نوسینەکانیدا دەیان پرسیارمان ڕوو بەڕوو دەکاتەوە و وەڵامەکانیشی بۆ ئێمەی خوێنەر جێهێشتووە کە پێ دەچێت وەڵامەکانیان هەر لە نێو ئەو سەرچاوانەدابن ... کە پا پەندن بە بەرهەم و نوسینەکانی مرۆڤە دەگمەنەکانەوە ...

ئازادی نوسەر بە شێوازێك ڕابردوو ئێستا و داهاتووی بەیەکەوە گرێ داوە ... کە لە بەردەم دەیان ڕەهەندی جیا جیا دا ڕامان دەگرێت و بەڕامانێکی قوڵمان دەسپێرێت ... بە جۆرێك کاری لە سەر سروشت کردوە .. کە هەست دەکەیت ئەوانیش کارەکتەری گشت سیناریۆ و نوسینەکان بن ... بەتایبەت ( باران ) کە بوەتە کارەکتەرێك نەك هەر

لەگەڵ هونەرمەندەکاندا بەڵکو لەگەڵ ئەدیبەکانیشدا هەمان کارەکتەرن ...

ئازاد پێنجوێنی ئەگەرچی لە زۆربەی نوسینەکانیدا ناوی بارانی هێناوە و لێرە و لەوێ ئاوێتەی عەشقی باران بووە زۆر بیرمەندانە هەرجارە و دەورێکی پێداوە کە ئەمە بە نوسەرە ساناکان ناکرێت ....

پێنجوێنی لە نێو چایخانەی گەلدا وەك کەسێکی ئاسایی بۆ چاخواردنەوە و دانیشتن نەچوەتە ئەوێ بەڵکو بە سەرنجێکی قوڵەوە دەچێتە نێو وێنە هەڵواسراوەکانی دیوارەکانی چاخانەی گەل و وێنەکان دەخاتە جوڵە و دواجار لە نوسینەکانیدا بە خەیاڵێکمان دەسپێرێت کە پێشتر پەیمان پێنەبردووە .... مەگەر هەر لە رۆمانەکەی ( چاوەکانی ) بزورگی عەلەویدا بە دیمان کردبێت ...

نوسەر جوانیەکانی ئەوسای شار و شاعیرەمەزنەکانی ئەوساتە وەختە لە یادناکات و جارێکی تر دەیان هێنێتەوە نێو ژیان و لە کایەکانی ئەمرۆدا رۆڵیان پێدەبەخشێت و هەریەکەیان وەك پاڵەوان دەردەخات ... کە لە راستیدا

ئەو کەسایەتیانە پاڵەوانی نێو مێژووی گەلەکەمانن ...

نمونەشیان پیرەمێردی نەمر و قانعی مەزن و گۆرانی داهێنەر و بێکەسی نیشتمان پەروەر و سێکوچکەی بابان ( نالی و سالم و کوردی) محوی پایە بەرز و وەهەر وەها عەولەسیسی شۆڕشگێڕ و ئەحەی کوڕنو تا دەگات بە کەمال سابیر ....,

نوسەر بە وەشەوە نەوەستاوە ئەسپ و عەرەبابەنەکانی ئەوساش لە یادناکات و بە گالیسکە ناوی دەبات بە بینینی ئەو گالیسکەیە ئیدی ئێمەی خوێنەر خۆشحاڵ دەبین بەوەی بۆ جارێکیش بێت بە یادی ئەوساوە سوار ئەو گالیسکەیە ببین ... و تێبفکرین .. بۆ یادی جاران .....نوسەر بەوەشەوە نەوەستاوە باڵندەبێنازەکانی ئەم شارە و پەرەسێلکە سپیەکانی ناوێتە کردووە کە هەمیشە لە سایەی تێڕامانی ئەم مرۆڤە دەگمەنانە هەناسەیان لەگەڵ هەناسەیاندا بەرە و جوانی سروشت و هەناسەکانی ژیان لەگەڵ هەر بیرکردنەوەیەکیاندا بۆ داهێنانەکانیان بە سەر سەریانەوە لەشەقەی باڵ دەدەن و هەمیشە بە ئاوازێکی غەمگین بۆیان دەخوێنن .

هەموو ئەمانە لە هزری نوسەردا دەچنە سەر پەڕەو دواجاریش بە خوێندنەوەیان جوانترین دەقمان پێدەبەخشن و چێژێك بە خوێنەر دەدەن .... دواجار نوسەر لەم کتێبەدا دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت .. کە ناوی هەریەکێك لە داهێنەرانی وەك عوسمان چێواری مامۆستای شانۆ و بە هەڵوێست و شاعیرانی وەك محمد عمر عوسمان و بەکر پشدەری و سەلام مستەفا بەرز دەنرخێنێ و پێمان دەڵێت کە بە شانازیەوە مێژوی ئەدەب و هونەر لە ئامێزیان دەگرێت و بە مرۆڤایەتیی دەڵێت با هەمیشە لە ژێر سایەی داهێنانی مرۆڤە دەگمەنەکاندا وچانێك بدەین .....

ئیبراهیم ڕەووف

**بەرایی...**

تکایە لیگەڕێن ..دەبا باران وەك عاشقێکی دێوانەی زەوی بە دەم ئاوازی ژیانەوە .هێدی هێدی دابکات .لێگەڕێن .دەبا دەریا شەپۆلی ڕاستەقینەی خۆی بدات و باخی عەشقی بسپێرێت بە نەورەسەکان .بۆ ئەوەی چەندەها میوەجاتی میهر و خۆشەویستی بێتە بون .

با ئاسمانیش فراوانتر ماڵئاوایی لە هەر تکەیەکی باران بکاو ..ئامێزی هێمنانە بۆ باڵندەکان بکاتەوە.

لێگەڕێن دەبا... باران...هەمیشە بباریٚ ...گەر نەباریٚ بونمان دەبێتە دوای هیچ

ئاخر من لەگەڵ هەر تەنیایەکی باراندا ..تەنیاتر دێمە پێش چاو قوڵتر گۆشەگیری من دەبێتە ئازاری ڕۆح.

دوێنێ تێڕامانم بۆ ناسینی ژیان بە حزوری باران بوو .

جوانی خوڵقابوو ..دڵ تامەزرۆ بوو ..ژیان لە ڕێڕەوی ڕاستەقینە لای نەدابوو .

بەلاّم ئەمڕۆ... نەبارانێك بە ویستی من ... نە دڵێکی پاراو بۆ عاشقی ژیان ... نە حەسرەتێك بۆ ویژدان ... هەست پێناکریٚ .

سبەینانێش ...تاریکی و تاریکی و....هەر تاریکی .

کە وایە بۆ ئەوەی لە تەك باراندا . دەروازەی ئەو تاریکیە بۆ ئەبەد دابخەین ...بۆ ئەوەی ڕۆحمان ئاسوودە و کێڵگەی دڵمان هەمیشە پاراو .

وەرن با وچانێك پێکەوە لە سایەی پیاوە دەگمەنەکاندا بە ئارامی بدەین ... گەر وابکەین .

ئیدی باران بەردەوام دەبارێت و عیشق نوێ دەبێتەوەو تاریکی لە گۆڕ دەنرێ. و سۆز و میهرمان والاتر دەبێت.

تکایە وەرن ....من چاوەڕێی بارانی پاکژ کردنەوەی سەرجەم دڵەکانم .هەر کاتێك ئێوە بە تامەزرۆوە هاتن .

ئەوا لە تەك باراندا ژوانێك لەگەڵ ڕۆحی پاکی مرۆڤە دەگمەنەکاندا سازئەدەم و .

بەئەسپای بە گوێیە تەڕ بووەکانیاندا دەچرپێنم ... تکایە دەروازەی ڕۆحی پاکتان والاکەن .

دەمانەوێت. لە نێو ئەو ڕۆحە پیرۆزەتان ببینە دەروێشێکی پەیتارە بۆ پەرتوکەکانتان .

ئەوە مرۆڤە ناوازەکانن کە فریاد ڕەسی چاوە داخراوەکانمانن لە ئاست جوانیەکانی گێتیدا .

ئەوە وشەی پرشنگدار و پڕ داهێنەرانەی نێو پەرتووکەکانیانە کە هەرگیز ناهێڵن لەگەڵ باراندا جودا بین .ئەوان بۆ ئەمری ...ژینی خەم هەڵگرتوو یان هەر چرکە ساتێکی خۆشی ژیانیان بە ئێمە بەخشیوە .

خۆشیان هەمیشە هەناسەی حەسرەت و تەنیایی و ئازارەکانی ژیانیان لە کۆڵ ناوە ...کە تاکە ئامانجیان نەمرییە بۆ مێژوو .لە وجودی داهێنانەکانیاندا .

ئاخ ...بێ ئاگاکان ... ئاخ ... ئێوە لە کوێن . . . مەرگ کڕیارێکی هەمیشەییە هاکا زەمی کرد.... ئاخر لە بێ ئاگایتانە تا هەنکوش باران بە باشی ناناسن.

وەرن ....تکایە وەرن با هەمیشە بە ئاوێتەی هەناسەی دەگمەنەکان بتوانین هاوڕێیەتی باران بکەین.؟!

تکایە بەڵگەی بێ بنەماو گریانی درۆ بینە مەکەنە پاساو بۆ بێ ئاگایتان .لە ئاست ئەم دەگمەنانەدا .

گەر دەتانەوێت نەبنە کۆیلەی ناهەقی و دورە پەرێزیتان لە واتای ژیان .

تکایە وەرن .گەر دەتانەوێت ....ئەلف و بێی شانۆ فێر بن و ....دەقی خۆ ماڵی لە ئامێز بگرن .گەر دەتانەوێ قسە خۆشی شار ئەحەی کرنوو ، عەولە سیسی شۆڕشگێڕ و چیخەف و لالۆفانیا بناسن و لە بۆنی گوڵە زەردەکانی حاجی شێخ تێر نەبن...وەرن با سەردانێکی ڕۆحی چێواری تەنیا بکەین .

تاکو سینەتان پڕ نەبوە لە ئاهو حەسرەت تا ئەوەی نەبادا باران لە چاوانتانەوە دابکات و هەورەکان تیایدا بە ئاسۆری بگرین .

گەر دەتانەوێت لە ئازاری گەڵا هەڵوەریوەکانی پایز ئاشنابن بە ئاشنایتان ... وەرن با هەناسەمان لە تەك هەناسە هەڵوەریوەکانی حمە عومەر عوسمان ئاوێتە بکەین و هەمیشە لە پەنجەرە ڕونەکانەوە جەنەراڵی پایز ببینین.

گەر ئاواتتانە ....بێ دەنگی دابگیرسێنن وبەهەشتی عەشق ببینن ...
گەر خولیاتانە ببنە نیشتیمان پەروەر و لە پیرۆزی خاك و خۆشەویستی مرۆڤایەتی بێبەش نەبن .

وەرن با پیاسەیەکی باراناوی لە تەك بەکر پشدەری شاعیردا .بکەینە دوا وێستگەمان . بۆ ئەوەی وانەیەکی عەشقانەی لێ وەربگرین .بۆ مرۆڤایەتی

گەر مەبەستانە بۆنی ئازادی بکەنە واقع و نیشتمانتان نەدرێت بەکرێ و نەبنە کۆیلەی ناهەقی .

گەر ئاواتە خوازن .خەمی شەوتان نەبێتە حەسرەت .بۆ کۆمارێك .کە بەدوای پارچە نانێکدا . شەو تا بەیانی لە پێناویدا سەر بنێنەوە .


گەر تامەزرۆن .لە حیکمەتی پەرەسێلکە سپیەکان و جوانترینی باڵندەکانی ئاسمان تێ بگەن و بزانن . گەر ناتانەوێت .هەموو ڕۆژێکتان ببێتە ٣/١٦ ئەوا تکایە وەرن . با بەدوای سەلام مستەفای ماندوودا بگەڕێین .

تکایە وەرن ... ئەوا باران نم نم دەبارێت ...........؟!

با هەمووان پێکەوە لە تەک نمەی ئەو بارانەدا وچانێك لە سایەیاندا بدەین .

تا مەرگ نەبووەتە کڕیار.

- ئازاد پێنجوێنی -



( پیاوە تەنیاکە )

# چێواری مەزن لە هزری مرۆڤایەتیدا بە نەمری ماوەتەوە

چەند بە تامەزرۆو بەناسکی ئەو بەیانیە بارناویە چێواری تەنیام بینی ئەو شەپۆلی بێدەنگی و تێڕامانی بەدیار تکەی بارانە تەنیایەکاندا کردبوە دواین وێستگەی بینین بە ئەسپایی مژی لە جگەرەکەی ئەداو هەناسە تەڕبووەکانی بەرەو ئاسمان بەرز دەبوونەوە.
پێدەچوو لەچاوەڕوانیدا بێ
مرۆڤێکی پاك و بێگەرد...تکەی بارانە کە شەڕیان بوو لەسەری بۆ ئەوەی هەرکامیان زوتر بەری بکەون و ئاوێتەی بێگەردی ئەو بن، پیاوە مەزنەکە بە ناسکی و بە زوهدەوە لەبیرکردنەوەی خۆیدابوو سەری هێواش هەڵبڕی چاوی نەدەتروکاند لە ئاسمان، ئاسمان هێمنانە چێواری ئەدواند.
پێی ووت . . . . .
سڵاو پیاوە ناوازەکە...سڵاو ماتەمینترین مرۆڤ..چ ساتێکە چ هێمنیەکە لەناخی بیرکردنەوەتدا لەقوڵایی ئەم شارەدا بەتەنیایی بەدیار ئەو بارانەوە دەگریت ئەی نابینی هەمووان یادەوەریەکانت پیرۆز دەکەن ئەی هەستی پێناکەی بارانەکە شەڕیانە لەسەرت تەنها لەبەرئەوەی بەخەمەوە لەئامێزت بگرن و هیچ نەبێ کەمێك لە خەمەکانت بەبا

بدەن وە لەگەڵ بەدیکردنی ڕووناکی چراکانی شاردا بتوانی لەژێر هەناسەی ئەو بارانەدا بەئارامی ووچانێك بدەیت.
تۆ دڵدانەوەی بێداری مرۆڤە میهرەبانەکانیت و بەئاگا هێنانەوەی هەنسکی بێ ئاگاکانی ئەم شارەی.چاوەڕێ بە چێوار چاوەڕێ بە هەر دێت...
ئەم جیهانە نووستووە کەچی تۆ هێشتا سەدایەکی بەئاگابوون لەژیان ئەچرپێنی بە گوێی هەمووان‌دا.بۆ ئەوەی بێداریان بکەیت لە خافڵ بوون...
مرۆڤەکان بەدیقەتەوە دەڕواننە نیگاکانت هەمووان بۆ داناییت موچوڕکەیان پێدا دێت.ئاخر ئاهەقیان مەگرە.ئەوان دەزانن کە تۆ لەو تەنیاییەدا چەندە مەزنی.دواجار منی ئاسمانیش لەناو درزی دیوارە پیرۆزەکاندا چاوم بە پێنوسە جێماوەکانت دەکەوێت.تۆ ئازارو جوانی و خەیاڵە فراوانەکانت وەك بلێسە دەبەخشیتە مرۆڤایەتی.تۆ بەتەنها چاوەڕوانی دڵنیابە ئەوەی کە چاوەڕێیت هەردێت.هەردێت.
دەزانم تەنیا تۆ دەزانی....تەنها تۆ گوێ دەگری کەوایە خۆت بسپێرە بەمن.چونکە تۆ لەباران تێدەگەیت تۆ لەجوانی ژیان سەردەردەکەیت هەرتۆ دەزانی بۆنی گوڵەکان و جوانیان چ واتایەك دەبەخشێ....
ئەی ئەوە نیە چەندەها وەسفی جوانی (گوڵە زەردەکانی حاجی شێخ) دەکەیت کە لە تەنیاییدا ئەوانیش بێزاربوون و ڕەنگیان ئەوەندەی تر زەرد هەڵگەڕاوە ئاخر تا کاتێ تۆ هەستت بە تەنیایی نەدەکرد

ئەوانیش تەنیا نەبوون.ئیدی لەو کاتەوەی تەنیا مایتەوە هەموو شتێك لەتەنهاییدا دیقی کرد تەنانەت (گوڵەکەی عومەریش) ئەی (گوڵە مێخەك) بۆنا ئەویش سیس و لاواز لە چاوەڕوانی هەناسەکانی تۆدایە.بەڵکو جارێکی تر بیدەیتەوە لە بەریەخەی لاپەڕە پڕ شکۆکانت ئەوە لالۆ ڤانیاش لەولاوە بوەستێ کە چاوەکانی قەتیس ماوەو بۆتەنهایی خۆت و قەڵەمەکەت بۆ تاوێکیش ژێر نابێتەوە.... ئاهو حەسرەتێتی لە دووری تۆ

مرۆڤەکان زۆر لەمێژە بەزەویان وتووە کەسروشت پیرۆزیەکانی تۆ لەیاد ناکات من ئەو مرۆڤانە دەڵێم کە هەستیان بەجوانی شاکارەکانت دەکرد هەرگیز هیچ مەردومێك جورئەت ناکات لە پێش تۆوە ناوی شانۆو چیرۆکەکانی (چیخۆف) بهێنێت تۆ پێش هەر کەسێك پیرۆزیت بەو دوانە بەخشیوە لەڕابردوو تەنانەت بۆ ئایندەش کەواتە تۆ مەزنی مەزنتر لە هەموو شتێك....

ئیتر بەجێت دێڵم جگەرەیەك پێبکە و دەستت بخەرە ژێر چەناگە باریکەکەت و بڕۆ ژێر ئەو چوخمەیە بنووسە بۆ ئایندەی ئەو مرۆڤانەی کە لەواتای ژیان نەگەیشتوون بۆ ئەوانەی کە نمایشە شانۆییەکانیان لە کەشێکی سارد و سڕو بێ مرووەتدا نمایش دەکەن.

ئیدی من هەمیشە لە پێش تۆوە فرمێسك دەڕژم تۆ گریانی خۆتت نەبینیوە لەوانەیە هەمان کات لەشوێنێکی تر بەگریانەکانی تۆ من

دڵنەوابم کەوایە چاوەکانت بنوقێنەو بەدەم بیرکردنەوەوە لێگەڕێ با فرمێسکەکانم سەرتاپای لەشی ماندوت کەمێك ئارام بکەنەوە.

هەنگاوێك لەژێر ئەو (چوخمەیە) وەرە پێشتر با بارانەکە بەتەواوی تەڕت بکات هەربۆیە شەڕیانە لەسەرت ئابیرم کەوتەوە چاوەڕێ بە.

پیاوێکی شۆڕشگێڕی نیشتمان پەروەری ئەم شارە بەنیازە بێتە دیدەنیت.

ماڵ ئاوا پیاوە مەزنەکە..

چێواری مەزن کە بارانەکە دەموچاوی بەتەواوی تەڕکردبوو زەردەخەنەیەکی بۆ ئاسمان کردوو ڕووی وەرگێڕا بەرەو دیواری ژێر چوخمەکە تەباشیرێکی لەگیرفانی چاکەتەکەی دەرهێنا بەدەم گۆرانی خوایە وەتەن ئاواکەی دەستی کرد بە نووسین لەسەر دیوارەکە کە ئەم چەند دێڕەی نووسی....

ئەی میهرەبانترین کەس ئەگەر هاتی بۆ ماڵەکەم با چرایەکت بەدەستەوە بێت و بەدەستەکەی ترت پەرتوکێك لەپەرتوکەکانی چیخۆف بۆ ئەوەی لەڕووناکی ئەو چرایەوە بتوانم بەئارامی سەیری کۆڵانەکانی شاربکەم و بەنووسراوی نێو ئەو پەرتوکە ئومێدێکتان پێ ببەخشم.

غەڵبە غەڵبی خەڵکی بەرگوێ کەوت لەنێو سەنتەری سەراوە تا کۆڵانی سابونکەران جمەی دەهات لەخەڵکی پیاوێك بە هەڵەداوان و هەناسە

توندیەوە ڕایدەکرد و دڕی بە خەڵکەکە ئەدا بارانەکەش تا دەهات زیاتر بەلێزمە دەباری.
ئەو بەنیازبوو بەرەو چوخمەکە هەنگاو بنێت هەرواشی کرد هەرچۆن بوو خۆی لەو حەشاماتە قوتار کرد و لەمبەری چوخمەکە وەستاو بەهەناسە بڕکێوە چاوی بەملاولادا دەگێڕا خۆشحاڵی بەڕوویدا دەرکەوت کابرایەکی باریکەلەی باڵابەرزی بینی کە سەرتا پای تەڕبوەو لەژێر دیواری چوخمەکە بەدەم کێشانی جگەرەوە خەریکی نووسینی سەر دیوارەکەیە کابرا چاوی بڕیە سەر دیوارەکە چەرەدوکەڵ ئەو ناوەی تەنیبوو لەگەڵ ئەمانی دوکەڵەکە ئیدی توانی نوسراوی سەردیوارەکە بخوێنێتەوە.
با ڕووناکی ببەین بۆ ئەو شوێنەی کە تاریکی و زوڵمی تێدایە با ئومێد و هیوا ببەین بۆ ئەو شوێنەی کە هیواو ئومێدی تێدا نیە با لە ڕووناکی شانۆییدا بەرەو ئاسۆ هەنگاو بنێین کابرا بە زەردەخەنەوە ؛ بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە لەبەرخۆیەوە ووتی کەوایە خۆیەتی کەوایە ئەوە پیاوە مەزنەکەیە چووە ئەوبەر شەقامەکەو نزیك لە چوخمەکە بەدەنگێکی هێمنانە ووتی:
مامۆستا چێوار گیان... مامە چێوار گیان.
چێوار کە گوێی لەم دەنگە بوو بەهێواشی ئاوڕی دایەوەو تەباشیرەکەی دەستی خستە ناو کونی دیوارەکەوەو فویەکی لەدەستە باریکەکانی کردوو دەستێکی هێنا بە جەناگەیدا.

بەدەم بیرکردنەوەوە چاوی خستە سەر کابراو پێی ووت:

سڵاو....(عەولەسیس)..ئەوە تۆی..چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە..؟

عەولەسیس باوەشی کرد بەچێواردا و توند گوشی بەخۆیەوەو چپاندی بە گوێیە تەڕبووەکانی چێواردا

دیارە ئاگات لەو حەشاماتی خەڵکە نیە هاتوون بۆ ڕێپێوان؟

چێواربە تێڕمانێکی قوڵەوە بە عەولە سیسی ووت

ڕێپێوان بۆچی؟ بۆ مەگەر کەس هەیە گوێ لەو خەڵکە بگرێ بۆ مەگەر هەناسەی ئازادی بۆ مرۆڤەکان ماوە .

عەولە سیس هەنگاوێك هاتە دواوە و سەیری چاوەکانی چێواری کرد کە هەستی بە نامۆیی دەکرد لەچێواردا بەدەنگێکی بەرز بەچێواری ووت:

ئێمە بۆ ئازادی بۆ شانۆ بۆ ژیان پێویستمان بەخۆت و خامەکەتە دەبێ هەر لەگەڵمان بیت . . چێوار دووبارە کەوتەوە بیرکردنەوە فایلێك لەگیرفانی چاکەتەکەیدا بوو دەری هێناو سەیرێکی کرد لەسەر بەرگی فایلەکە نووسرابوو فایلی ژمارە﴿٦٧﴾ لەنێو لاپەڕەکانی فایلەکە لاپەڕەیەکی چرچ و لۆچی دەرهێنا دای بە عەولەسیس.

عەولەسیس چاکەتەکەی ڕاکێشا بەسەر سەریەوە بۆ ئەوەی لاپەڕەکە تەڕنەبێت چاوی خستە سەر نووسینەکە لەسەر لاپەڕەکە نووسرابوو (دەتوانن سەرتاپای لەشم بسوتێنن بەڵام بەلاشەی گڕگرتووم ناتوانن قۆریە چایەکی پێ گەرم بکەنەوە).

عەولەسیس لاپەڕەکەی نوساند بەسنگیەوەو بەزەردەخەنە یەکەوە ووتی:

-ئیدی پێویست ناکات تۆ عەزیەت بکێشیت مامۆستا چێوار بەلام ئەتوانم ئەم نووسینە بەرم و کۆپی بکەم بۆ ئەو خەڵکە بۆئەوەی هەمووان بیلێنەوە

چێوار بە زەردەخەنەیەکەوە بە عەولەسیسی ووت: بێگومان

عەولەسیس بەهەڵەداوان چێواری بەجێهێشت دووبارە گەڕایەوەو دەستی خستە سەر شانی چێوار و بەخەمباریەوە بەچێواری ووت:

مامە چێوار وا هەست دەکەم ئەمڕۆ لەو ڕێپێوانە کۆتایی ژیانمە..دەزانم تۆ مێژوو دروست دەکەیت

بۆ ئایندە کەس نازانێت من چیم کردووە دڵنیام کە لە یەکێك لە شاکارەکانت باسم دەکەیت . چێوار دەستێکی هێنا بە قژە تەڕبوەکەیدا و بە عەولە سیسی ووت دڵنیایە..دڵنیابە لەیادی ناکەم .

عەولە سیس بەدەم وتنەوەی نووسینی سەر لەلاپەڕەکە بەرەو ناو خەڵکەکە ڕۆشت بەدەنگی بەرز نووسراوی سەر لاپەڕەکەی دەوتەوە چێوار سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد سەرێکی لەقاند و لەبەرخۆیەوە ووتی بۆ نەهات جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی دەرهێناو بە پاشماوەی جگەرەکەی تری دایگیرساند چاوی بڕیبووە ئەمسەروئەوسەری شەقامەکەی سابونکەران و هەرواش دەستە تەڕبووەکانی کە بارانەکە لەژێر کوونی لەوحی چوخمەکەوە دەهاتە

خواریَ گرتبووی بە جەناگەیەوەو سەیری حەشاماتەکەی نزیك سەرای دەکرد کە چۆن ئەو خەڵکە هاوار دەکەن لەپێناو ئازادیدا دەستی کەسێك..کەخستیە سەرشانی دایپڕاند لەسەیرکردنی هوتاف کێشەکان. ئاوڕی دایەوە (ئەحەی کوڕنوو) بوو چێوار قۆڵی گرت و ڕای پسکاند بۆژێر چوخمەکە و پێی ووت وەرە برام.وەرە..با لەوە زیاتر تەڕ نەبیت.بارانەکە بەخوڕ دەبارێت..

ها خاڵە کڕنوو چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە .. ئەحەی کڕنوو بەتەنیشت چێوارەوە لەژێر چوخمەکە ڕاوەستا و بەچێواری ووت:

-زۆر دڵم خۆشە.زۆر....ئەمشەو خەوێکی زۆر خۆشم بینی

هەروا بە زەردەخەنەوە کە سەیری یەکتریان دەکرد دواجار بەتەنیشت یەکەوە پاڵیان دابوو بەدیواری ژێر چوخمەکەوە وە ئاڕاستەی چاویشیان بۆ ئەوبەر کە دارتویەکی گەورە دەبینرا هەروا سەیری دارتوەکەیان دەکرد کە چۆن بارانەکە گەڵاکانی پاك دەکاتەوەو یاری بە گەڵاکان دەکات دەنگی تکەی بارانەکەش کە دەیدا لە لەوحەی چوخمەکە هەستیان بە ئاوازێکی نامۆ دەکرد لەگەڵ بینینی ئەو دیمەنە دڵڕفێنەی کە باڵی کێشابوو بەو ناوەدا ڕۆحی چێوار و کوڕنوو وابەستەبووبوو بە بەیەکتری هەموو هۆکارەکەش بارانەکەبوو.

چێوار مژێکی قوڵی لە جگەرەکەی داو سەیرێکی کرد پێوەی نەماوە خێرا جگەرەیەکی تری پێکردوو بە ئەحەی کڕنووی ووت:

دەی.. قسەم بۆ بکە.گوێم بۆ گرتوی هیوادارم گێڕانەوەی خەونەکەت وەك خەونەکانی من نەبێت کە هەرگیز ناهێتە دی دەی خاڵە کڕنوو قسەم بۆ بکە وەك قسە خۆشەکانت کە ڕۆژانە دڵی هەزاران مرۆڤی پێ ئارام دەکەیتەوە .

کڕنوو هەردوو دەستی چێواری گوشی و بەخۆشحاڵیەوە ووتی: لەخەونەکەمدا تۆم بینی کە لەنێو هەزاران گوڵدا دانیشتبوین و منت دەنووسیەوە بۆ ئەوەی بمکەیتە شاکار ئەو شاکارەی مرۆڤایەتی لەبیری ناکات بەڵێ تۆ خەریکبوویت دەتنووسی لەسەر ژیانی من...دەستەکانی توند گوشی .

توخوا ڕاستیەکەی وایە . . . چێوار تۆ بەنیازی کارێکی وای . . .

چێوار زەردەیەك گرتی و دەستی خستە سەرشانی ئەحەی کڕنوو دڵنیای کردەوە کە ئەوە خەون نیە ڕاستیە.

ئەحەی کڕنوو چەندجارێك لەخۆشیدا بەرزەبوەوە سەری کێشای بە لەوحەی چوخمەکەدا ئاوی ئەو بارانەی کە تیایدا کۆبوبوەوە بەجارێك هاتە خوارێ و بە تەواوی چێوار و ئەحەی کڕنووی تەڕکرد چێواری مەزن خۆشحاڵ بوو بەو تەڕبوونە زۆرجار ڕووی دەکردە دیواری چوخمەکەو دەیووت:

بەحەسرەتەوە بەرامبەر ئەم دیوارە شێدارەی جێژوانی ڕۆژانەم دەوەستم و خەفەتێکی قوڵ و ئاڵۆز و کوشندە سەرتاسەری دڵ و دەرونمی گرتووە، بە تەڕبوونم ئەی باران هەموو ئەو شتانە لەیاد دەکەم

بەتەڕبوونم ئیدی ڕزگارم دەبێت لەنەهامەتیەکانی ڕۆژگار بەتەڕبوونم دوو وشەی زیاتر دەنووسم بەهۆی تۆوەیە دەتوانم زیاتر پیاوە جوامێرەکان بناسم ئەی باران.....

ئەحەی کرنوو بەخێرایی چەند هەنگاوێکی ناو لە چێوار دورکەوتەوە چێوار واقی وڕما بە کرنووی ووت کە بۆ کوێ دەڕوا هێشتا خۆ قسەیان نەکردووە بە ئارەزووی دڵی خۆیان کرنوو بەدەم ڕاکردنەوە بەرەو شەقامی سەرا بەدەنگێکی بەرز بە چێواری ووت:

کە ئەو هەواڵە خۆشە دەبێت لەنێو شاردا بڵاوبکاتەوە بەڵێ ئەحەی کرنووش ڕۆشت بەخێرایی هەروەك عەولە سیس چێوار تەنیا مایەوە بارانەکە خەریکبوو هێواش دەبویەوە دووبارە چێوار چاوی دەگێڕا بەو ناوەدا لەبەرخۆیەوە هەر دەیوت بۆ نەهات زۆر دواکەوت کەوتەوە بیرکردنەوەیەکی قوڵ کۆمەڵێك خەڵك دایان بڕی لەو بیرە قوڵەی کە بەخێرایی بە شەقامەکەدا دەڕۆشتن و جەنازەیەکیان بەسەرشانەوە بوو چێوار سڵاوێکی بۆ کردن و پرسی کە ئەو جەنازە کێیە کەسێك کە لە پێشەوەی جەنازەکە بوو بەچێواری ووت ئەوە (شەهید پێشڕەوە) چێوار ئاهێکی قوڵی هەڵکێشاو فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتە خوارێ کە هەر دڵۆپە فرمێسکێکی لەگەڵ دڵۆپەی بارانەکە دەکەوتنە سەر زەویەکە و بەرەو خوار دەبوونەوە بۆ لێواری شەقامەکە لەژێر چوخمەکە هاتە دەرێ و چەند جارێك ووتی ئاخ پێشڕەو...ئاخ.

چەند هەنگاوێکی نا بەرەو جەنازەکەو بەخەڵکەکەی ووت:تکایە تاوێك ڕایگرن سەیرێکی بارانەکەی کرد و ووتی:
ئەی باران بە بەرزیەوە دەرگای خۆشەویستی بۆ پێشڕەو بخەرە سەر پشت چونکە ئەو هەمووانی خۆشدەویست.
جگەرەیەکی پێکرد و بە خەڵکەکەی ووت:
حەقیقەت لەناو دڵی هەموو مرۆڤەکاندا هەیە دەبێت مرۆڤ خۆی هەنگاوی بۆ بنێت و بەشوێنیدا بگەڕێت کاکە پێشڕەو هەرزوو ئەو حەقیقەتەی دۆزیەوەو کردیە چرایەك بۆ ڕێگای ژیانی . بەتانیەکە بەسەر سەریەوە لابدەن با بارانەکە لێی بدات ئەو زۆر عاشقی باران بوو تکایە بەڕێگایەکی حەقیقەتدا تەرمەکەی بەڕێ بکەن ئەو هەمیشە ڕێگا پیرۆزەکانی کردبووە ڕێی هەنگاوەکانی . چێوار هاتەوە ژێر چوخمەکە چاوی هەر لەسەر جەنازەکەی پێشڕەو بوو تاکو لە چاوان وونبوو چێوار ئیدی برستی لێبڕابوو دەستی کرد بە کۆکە و هەرواش دەستی بە سنگیەوە گرتبوو دیاربوو ئازاری هەبوو دووبارە سەیرێکی کاتژمێرەکەی کردەوەو چەندجارێك ووتی:
سەیرە بۆ نەهات . . دەمێکە چاوەڕوانم..
لە پڕ دەنگێك هاتە گوێی لەدورەوە کە بە بڵندگۆ هاواری دەکرد ئەرێ خەڵکینە چێواری مەزنتان نەدیوە تکایە هەرکەس ئەوی بینیوە با پێی ڕابگەیەنێت بەخێرایی بڕوات بۆ هۆڵەکە سەرجەم ئەکتەرەکان بە جەستەی ساردو سڕو بێ گیانەوە لەچاوەڕوانی ئەودان بۆ ئەوەی ئەلف

و بێی شانۆیان فێربکات ئەم دەنگەی چەندجارێك بەرگوێ کەوت دەنگەکە تا دەهات نزیکتر نەیدا بە گوێی چێواردا .
ئەو کەسەی کە بەبڵندگۆ قسەی دەکرد هاتە سەر شەقامەکە چێوار سەرنجی دا ئەو کەسە (مستەفا ئەحمەد ) بوو.یەکتریان بینی مستەفا بڵندگۆکەی فرێداو بەهەڵەداوان بەرەو لای چێوار ڕۆشت و باوەشی کرد بە لاشە تەڕبووەکەیدا بارانەکە هێواش بووەوە بێدەنگی باڵی کێشابوو بەو ناوەدا لەوە ئەچوو هوتاف کێشەکانیش سەرایان چۆڵکردبێ .
چێوار جگەرەیەکی دا بە مستەفا ئەحمەد و پێی ووت:
وەرە ژێر چوخمەکە با لەوە زیاتر تەڕ نەبیت هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە مستەفای ووت بریا دەمزانی بۆ هەندێك لە مرۆڤەکان بە باران بێزار دەبن لەکاتێکدا بەبێدەنگیان هەموو شتێکت پێدەبەخشن.
مستەفا بە زەردەخەنەیەکەوە ووتی :
بۆ من گرنگ نیە لێگەڕێ با منیش وەك تۆ تەڕبم گرنگ ئەوەیە تۆم دۆزیەوە چێوار گیان من هەمیشە ڕەگی گوڵەکان بەدەستمەوەیە و ئاشنام بە چارەنووسی تەڕی باران..درەختی ڕۆحی من لەئاڕاستەی چاوەکانەوە تەنها تۆی . لەوانە گەڕێ ئێمە چاوەڕوانی تۆین هەمووان خەریکی خوێندنەوەی دەقەکەتن کەی دێیت برستمان لێبڕاوە ،چێوار بەدەم بیرکردنەوەوە بە چیچکانەوە پاڵی دا بە دیواری چوخمەکەوەو سەیرێکی مستەفا ئەحمەدی کرد و ووتی:

دڵنیام هێشتا خەڵك میهرەبانیان نەناسیوە مچە گیان دڵنیام هێشتا نازانن لە زەردەخەنەیەکدا چ جوانیەك شاردراوەتەوە.

نازانم..نازانم..

بۆچی مرۆڤ تاکو ئەم ساتەش لەگەڵ گوڵە مێخەکدا لەگەڵ گوڵ عومەر لەگەڵ گوڵە زەردەکان لەگەڵ (چیخۆف و لالوڤانیا) بێگانە و نامۆیە... بۆ ئەبێت وابێت..خێراکە برۆ بۆ هۆڵەکە..ئەمانەی کە ووتم بە ئەکتەرەکان بڵێ ئیدی لە واتای پیرۆزی شانۆ تێدەگەن برۆ دوامەکەوە من لەچاوەڕوانیدام.

مستەفا ئەحمەد زۆر خۆشحاڵ بوو بە چێواری ووت گەر ئێمە ڕۆژی سەدجار خۆشبەختی بچێژین دیسانەوە ئەگەر ڕۆژی سەدجار فێری هەنگاوەکانی شانۆ ببین ئەوە لەژێر سایەی خەیاڵە ئەفرێندراوەکانی تۆیە ئەی پیاوە مەزنەکە.

مستەفایش بە خێرایی چێواری بەجێهێشتوو ئەو ووتانەی دەوتەوە بە بلندگۆکە چێوار پێ ی ووتبوو.

بارانەکە خۆشی کردبوەوە چێوار کە هەستی بە ئازار و لەرزین دەکرد بە جەستەی ماندویەتیەوە لەژێر چوخمەکە هاتە دەرەوەو لە شەقامەکە ڕاوەستا سەیرێکی هەرچوار لای خۆی کرد شەقامەکە چۆڵ بوو چێوار برستی لێبڕابوو ئیدی نەیدەتوانی لەوە زیاتر چاوەڕوان بێت سەرێکی باداو لەبەرخۆیەوە ووتی:

دیارە نایەت.زۆرم چاوەڕێ کرد.باشتروایە خۆم بچم بۆلای . بەڵێ هەر دەبێ خۆم بچم . . بە شەقامی سابونکەراندا چووە خوارێ .
شار مات و مەلول تەنها دەنگی باڵندەکانی ئاسمان دەهات کە جارجارە دەیانخوێند بە ئازارێکی زۆرەوە لە (چاخانەی کرێکاران) لایدا و چایەکی زۆر بەخێرایی خواردەوەو بەردەوامبوو لە ڕۆشتن،هەرواش بە چاوە ماندووەکانیەوە سەرنجی (چیای گۆیژەی) دەدا لەبەرخۆیەوە ئەم وشانەی دەوت بە ئازارێکی زۆرەوە:
ئەوا من هاتم...دڵنیابە دێم.تکایە چاوەڕێم بە بەرەو لای تۆهەنگاو دەنێم بە کۆڵانە کۆن و خانوە قوڕینەکانی شاردا ڕەت بوو ڕووناکی گڵۆپێکی کۆنی بەسەر دەرگای ماڵێکەوە بینی تێڕاما بۆ ڕووناکی گڵۆپەکە.زەردەخەیەك گرتی سەیرێکی ئاسمانی کرد چاوی بڕییووە باڵندەکان کە چۆن بەدەوری یەکتریدا دێن و دەچن بێ ئەوەی بخوێنن چاوی لەسەر باڵندەکان لابردوو سەیری شاری دەکرد کە هەستی دەکرد جگە لە وێرانەیەك لەهیچی تر ناچێ جگەرەیەکی داگیرساند ویستی مژی لێبدات نەیتوانی جگەرەکە بەدەستە لەرزیوەکەیەوە کەوتە سەر زەویەکە هەستی بە ئازاری تەواوی جەستەی کرد هەروا بەدەم سەیرکردنی ڕووناکی گڵۆپەکەوە بەردەوامبوو تاکو ڕووناکی گڵۆپەکە ئەما چاوەکانی بەهێواشی داخران کەوتە سەر زەویەکە و سەیرێکی ئاسمانی کرد کە جگە لە تاریکی هیچی بەدی نەدەکرد بەئاسمانی ووت سڵاو..ئەمووت هەردێم..

(هیواو حەزی من بەرەو ڕووناکی..لەژیانمدا ئەوەبوو تەرکی خۆش نودی خۆم کرد تا ببمە سایە بۆ خۆشی دۆست.ئەی یاران).
دوایین هەناسەی داو گیانی دەرچوو.

شار کش و مات بالندەکان بە ئاسمانەوە لەشەقەی بال کەوتن تەپ و تۆز و خۆلێکی ڕەشی زۆر شاریان تەنی .

لەو ڕۆژەدا ئەو شارە وێرانە دەهاتە بەرچاوو زەردەخەنەکان لەو ڕۆژەدا کۆچیان کرد بۆ شوێنێکی نادیار زەمەن ئان و سات و کاتە قەتیس ماوەکانی لەدەستدا خەلکی بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕێگاکانەوە هەنگاویان هەلدەگرت تکەی بارانەکە کە ئەیدا بەسەر لەوح و جەمەلۆنی شاردا ئاوازێکی نامۆو شیوەن گێڕی دەخولقاند لەگەل هەموو ئەوانەشدا ڕۆحەکان هەستیان بە هێمنی دەکرد هۆکارەکەشی ئەوەبوو پیاوە مەزنەکە زۆر هێمنانە لەسەر ئەو زەویە ڕاکشابوو . .

هەمووان بە تەنەکە لێدان مرۆڤە بێ ئاگاکان و خەوالووەکانیان بێدار کردەوە لەمەرگی پیاوە مەزنەکە هۆلە شانۆییەکان هەروا ساردو سڕ و بەجێماوو دوور لە دەقی خۆمالی .

تەنیایی بالی کێشابوو بەسەر هەموو شتێکی ئەم جیهانە. . . هەوالی مردنی پیاوە مەزنەکە بەنێو شاردا بلاوبوەوە ئیدی ئەو خەلکەی کە باش چێواریان دەناسی دەکەوتنە سەر زەویەکە و قاچیان بەدوایاندا نەدەهات .

ڕەشەبایەکی توند هەڵی کرد شەقامەکان کۆتاییان بە خەڵکەکە هێنا دەنگی داخستنی دەرابەی دوکانەکان ئاوازی شیوەنی باڵندەکانیان تێکدا.
غەڵبەغەڵب لەنێو شاردا دروست بوو هەروا لاشەی پیاوە مەزنەکەش تەنیا لەنێو ئەو کۆڵانەدا جگە لە هاوڕێیەتی باران کەسی تر بەدی نەدەکرا بەدیاریەوەبێت.
پیاوێك لەنێو پەنجەرە دارینەکەیەوە کە سەرقاڵی خوێندنەوەی تێکستێکی شانۆیی بوو سەری هێنایە دەرەوە لەنێو پەنجەرەکەو هەستی بە نامۆیی شار و تێکچوونی زەمەن کرد لەدڵی خۆیدا ووتی ئاخۆ چ ڕویداوە بەڵێ ئەو پیاوە (کمال سابیر) بوو،چاوی گێڕا بە کۆڵانەکەدا چەند کەسێك بەهەڵەداوان بە کۆڵانەکەدا تێپەڕین کە بەدەنگێکی زوڵاڵ هاواریان دەکرد . .
تکایە بەئاگا وەرنەوە ئەی خەڵکینە پیاوە مەزنەکە مرد
کمال سابیر چاوی پڕبوو لە فرمێسك دڵۆپە فرمێسکەکانی دای لەیەکەم لاپەڕەی تێکستەکە کە لەسەری نوسرابوو (دڕندەی تۆرۆس) .
نوسراوەکە بەرەو کاڵبوونەوە ڕۆی سەری هێنایە دەرەوە لە پەنجەرەکە و بەهەنسکەوە ووتی:
کەوایە چیواریش مرد
ئاخ..چیوار..ئاخ

ئێستا چ وەختی مردنتە ئەی نازانی چەندین دەقی خۆماڵی لەنێو تاقی تەپوتۆزاوی شانۆیەکان لەچاوەڕوانی پێنوسەکەی تۆدان کە لە ئامێزیان بگری و بیان کەیتە شاکاری ئەبەدی . .

دەستی بە تێکستەکەوە کەوتە لەرزە هەرچی لاپەڕەی تێکستە شانۆییەکە هەبوو ڕەشەبایەکە پەرش و بڵاوی کردەوە .


(باخێکی گێلاس) کە دەیڕوانی بەسەر پەنجەرەکەدا هەمووی کەوتە نێو ئەو باخەوە زۆربەی بەسەر دار گێلاسەکانەوە مابوونەوە لەدواین لاپەڕەدا کە لەنێو چەند لقی گێلاسێکەوە مابووەوە ئەم دێڕەی لێنوسرابوو .

هەموو شتێك کۆتایی هات.

لەو ڕۆژەدا ڕەنگی ژیان گۆڕا تەنانەت ڕەنگ و سیمای گێلاسەکانیش لەسورەوە ئیدی گۆڕا بۆ ڕەنگێکی خۆڵەمێشی، کمال سابیر بە حەسرەتەوە هاتە ناو باخی گێلاسەکەوە ویستی لاپەڕەکان کۆبکاتەوە دەنگی گریان و هاواری چەند کەسێك دای بڕی کە لە لای چەپی باخی گێلاسەکەوە ئازاریان دەچەشت ویستی بزانێ کێن بۆی دەرکەوت (چیخۆف و لالۆڤانیا) و تەنانەت (لۆرکای شاعیریش) کە پێکەوە ماتەمیان دەگێڕا، کمال سابیریش بۆ ئەوەی دڵنەوایان بداتەوە سەر و گوڵە مێخەکی پێدان و دواجار هەر هەنگاوێکی کرد بەدووان تاکو خۆی گەیاندە پیاوە مەزنەکە لاشەی پیرۆزی چێواری دا بە کۆڵیدا و لەکەشێکی باراناوی و ماتەمینیدا بەرەو گۆڕستانی وڵاتەکەم کەوتەڕێ

چێواری لەناو گوڵە زەردەکانی ناو گۆڕستانەکە پاڵخست و بەهێواشی پێی ووت:
چێوار گیان زۆرم پێناچێ دەچم بانگهێشتی ئەکتەرەکان دەکەم بۆ ئەوەی یەکەمین وانەی شانۆمان پێ ڕابگەیەنی چەندین ساڵە بە ئاهو ناڵە و حەسرەتەوەژیان بەسەر دەبەیت ئێرە جیاوازە ئیتر دەتوانی بە ئارامی لەنێو ئەم گوڵە زەردانەدا هەناسەی ئاسودەیی بدەیت و شانۆیەکەشمان پێ نمایش بکەیت.
چێوار چاوەکانی بەهێواش کردەوە سەیرێکی ئاسمانی کرد چەند باڵندەیەك بەخۆشحاڵیەوە شەرە دەنوکیان بوو تامەزرۆی ئەوە بوون چێوار بدوێنن.
خۆر بە ئاسۆیی ئەیدا لە سیمای بەختەوەری و ڕۆحی پیرۆزی
هەناسەیەکی پڕ لە هیوای هەڵکێشاو بەڕویەکی خۆشەوە بە کمال سابیری ووت زۆرباشە برۆ هەموان بانگهێشت بکە یەکەم کاری شانۆییمان (مرۆڤ و شارەکەیەتی)، کمال سابیر بە دامێنی گۆڕستانەکە چووە خوارێ ئەگەیی بەهەر کێلی گۆڕێك بەدەنگێکی بەرز پێی دەوت بەئاگا وەرەوە هەستە دەی ئەی نازانی عوسمان چێوار هاتووە بۆ سەردا نمان . . . بەردەوامبوو تاکو لەبەینی چەند دار زەیتونێکی گۆڕستانەکە دیارنەما.

چێوار بە هێواشی هەستاوو چەند گوڵێکی زەردی لێکردەوەو بەدەم بۆن کردنیانەوە بەرەو دیواری گۆڕستانەکە هەنگاوی نا
ئیدی لەپاڵ ئەو دیوارەدا بە ئارامی جگەرەیەکی پێکردوو لەسەر دیوارەکە خەریکی نووسینی دوایین شانۆی تەواو نەکراوی بوو.



(پیاوە ئاڵتونییەکە)

# پیاسەیەکی باراناویی . .
# بەکر پشدەری . شاعیر
# بەنێو رۆحی شاعیرە نەمرەکاندا...

ئەو ئێوارەیە دەمووویست خۆم بەباران بسپێرم . .
ئێ ئاخر خۆسپاردن بەباران هێزێکی کاریگەرو ئەنجام دەرێکی. پاك بوونەوەی سەرتا پا جەستەت پێ دەبەخشێ ...
ئەگەر ئێمە بەتەواوی باوەڕمان بەعەشقی باران هەبێت.
ئەوا بۆ هەمیشە. عاشقێکی دەرون پاراو دەبین بۆ ژیان ئەگەر فرمێسکی باران نەبێت گوڵ ناڕوێت ....گەنم شین نابێت و نابێتە سونبول چەمێك نابینی هەڵسێت و ژوانێك بەنێو کەناری ڕۆحدا بکات.
(لەم جیهانەدا چەند زۆرن ئەو مرۆڤانەی کەئاواتیان بارینی بارانە و لەتەك ئەو ئاواتەدا هەموو ڕۆحیان دەبەخشنە ژیان.
ئەو ئێوارە باراناویە بەنێو شەقامەکانی شاردا ڕێگام دەبڕی. قەشەنگی بارانیش کەدەیدا لەڕووم تەواو هەستم بە پیاسەیەکی ئارام دەکرد.
لەنێو شەقامی پیرەمێرد گیرسامەوەو هەرواش بەدەستەکانم وەك عاشقێکی سەرشێتی باران فەرمانم بەبارانەکە دەکرد کەهەر تنۆکێکی کەدادەکات بابەر ڕووی من بکەوێت.

ئاورێکم دایەوە بۆ سەرا چەند ڕێبوارێك بە هەڵاداوان لە ترسی بارانەکە دەچونە پەناو پەسێرەکان پێ دەچوو ئەوانە ئاشنایەتیان لە تەك باراندا نەبێت .

کابرایەکی بالابەرزی ڕوگەشم بینی کە بە هەڵەداوان. بەنێو ناوەڕاستی شەقامەکەدا ڕایدەکرد و هاواری دەکرد . . کە هەوری بارانی شیعر.. ئاسمانی خەیاڵم دەبڕێ...و بەسەر مەزرای ناخی دڵما دەیەوێت بارانێك داکات .

چەند جارێك ئەمەی دەوتەوە و هەرواش چاوەکانی بڕیبوە ئاسمان .

ئەم پیاوە بالا بەرزە پێ دەچوو وەك من ئاشقی باران بێت.

بەتەواوی لەمن نزیك بووەوە. بینیم بەدەستێکی پێنوسێکی هەڵگرتبوو بەدەستەکەی تری چەند پارچە وەرەقەیەك کەخستبوویە ژێر پاڵتۆکەیەوە بۆئەوەی بارانەکە نە یخوسێنێ . منیش تەواو سەرنجم دا تاکو بەتەواوی لێم دورکەوتەوە .. وتم ئاخۆ . بەم ئێوارەو بارینی ئەم بارانە بەلێزمە هۆکارێك هەیە وائەم پیاوە بەخێرایی ڕادەکات و گۆرانی بەسەر ئاسماندا دەڵێت کەلەنێو ڕۆحی خۆیدا. دڵۆپ .. دڵۆپ دێتە خوارێ و پیرۆزیەکی ڕەها دەخولقێنێ.

ئەم پیاوە پڕ لەهیوایە . بەتەواوی لەچاوانم دوورکەوتەوە.

منیش بەردەوام کە گوێم هەڵخستبوو. بۆئەو نەغمە و ئاوازەی کەبۆبارانی دەچڕی . بەردەوام بەدوایەوە بووم تاکو دنیا تاریکی کرد.

لەو تاریکیەدا کە هیچ شتێك نەدەبینرا بەڕاستی نەشم دەزانی لە کوێم

. . تاکو ئەوەی گوێم لەخشەی وەرەقەکانی بوو کەلەژێر پاڵتۆکەی دەری دەهێنا. ئەو دەیویست بۆ ڕووناکی ژیان بۆ ئەبەدیەت ڕەنگەکان وەك خۆی ببینێ . ئەوەبوو ئاگری نابەوچەند پارچە وەرقەیەوە و ئیدی بەجارێك . چواردەورمان ڕووناکی دەبەخشی.
ئاوڕم دایەوە بە هەر چوار لادا. ئەو پیاوەم لەسەر لوتکەی چیاکان بینیەوە، هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشاو بەپێنووسەکەی لەسەر پارچە وەرەقەیەك نووسی.

بەرەو (دوندی) ئاواتی گەل بەڕێوەم
پشوو نادەم دانانیشم بەپێوەم
نوکی پێنووس نێزەی چەکمە بۆچاوی
ئەوەی دەڵێ کەوا دوژمن بەئێوەم

بە بینینی ئەم وشانە تەواو شادمان بووم. بەخێرایی بەرەو پیری هەنگاومنا پێی دووبارە بکەمەوە و بزانم ئەم پیاوە ئاوازەیە ئەبێ کێ بێت.
بەدبەختی من ڕەشەبایەك هەڵی کردوو. ئەو چەند پارچە وەرەقەیەی بەئاگرەکەوە بردو تاریکی باڵی کێشا بەسەر هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا.
عەودالی عەودالْ بووم. گەڕان... سۆراغ... شەکەتی.
ئازار چێژ. بۆئەوەی ئەم پیاوە بدۆزمەوە . لێ براوانە بەردەوام بووم لە سۆراغی . ئاخر بە دۆزینەوەی دەمتوانی زیاتر بە باران ئاشنابم.

تا ئەوەی دەمەو عەسرێکی سەرەتای وەرزی بەهار لەسوچێکی چایخانەی گەل دانیشتبووم چاووم برپیووە ئەو وێنە مێژووییانەی کە بەدیواری چاخانەکەوە هەڵواسرابوون.

چاووم لەسەر تابلۆیەك گیرسایەوە. کەسێ شاعیری ناوازەو دەگمەنی تێدابوو.

ئەوانیش سێ کوچکەی بابان. سالم .. نالی و کوردی. کەلە سەروسیمایاندا خۆشحاڵیەکی زۆر بەدی دەکراو. هەرسێکیان بۆیەکتریان دەڕوانی. هەرواش لەناخیاندا هەستت بە دنیایەك پڕلەگەوهەری وشەی شیعری دەکرد. کەدەیانویست لەسەر زاریان بیدرکێنن بۆ مرۆڤایەتی بەلاّم مەخابن تابلۆکە بێ جوڵە بوو.

خۆش بەختانە ئەو کتێبەی کەبەدەستیانەوە بوو. هەموو شتێکی تێدابوو بۆ مێژوو بۆ رابردوو بۆ ئایندە .. ئاخر

لەبەرگی کتێبەکە نوسرابوو.. بنوسن بۆ ژیان بۆ جوانی بۆ عەشق . بۆ نیشتمان.. بۆ مرۆڤایەتی.

منیش بەخۆش حاڵیەوە چاوێکم لەسەر تابلۆکە لابردوو سەرنجم دایە وێنەیەکی هەڵواسراوی شاری سلێمانی سەد ساڵ لەمەو پێش کەوێنەی بەردەرکی سەرابوو.

لەنێو وێنەکەدا هەستم بەشتێکی نامۆ کرد. کەخەڵکێکی زۆر دەبینرا لەجوڵەدابوون ژیان ئاسایی بوو ..لەنێو ئەو جەنجاڵی و حەشاماتەی

ئەو خەڵکەدا هەستت بەژاوەژاو و دڵەڕاوکێ و دەنگێکی بێزارکەر نەدەکرد .

ئارامی و سادەیی ژیان باڵی کێشابوو بەهەموو شوێنێکدا هەستت دەکرد.

خەڵکی بەدڵی ساف و دوور لەڕك و کینە بەردەوامیان ئەدا بەژیان.

باشتروایە بڵێم هەمووان ئاسودەبوون.

بەناو وێنەکەدا چاوم گێڕا چەند درەختێکی دار چنار و شۆڕەبیم لەنێو حەوشەی قوتابخانەی فەیسەڵیە بەدی کرد. کە پۆلێك باڵندە بەسەر لق و پۆپی دارەکانەوە بوون بۆ ژیانێکی ئارام دەیان خوێند.

کابرایەك کەماندوویەتی پێوەدیاربوو بەهەڵەداوان لەنێو حەوشەکەدا. بەبەینی دارەکاندا ڕای دەکرد. منیش ویستم بزانم چ باسە. چاوم لەسەری هەڵنەگرت. .تاکو خۆی گەیاندە بەردەم دەرگای فەیسەڵیە. . لەبەردەم دەرگاکە سێ پیاوی پڕ شکۆو بەویقارم بینی کە هەرخۆیان بوون. واتە سێ کوچکەی بابان مشت و مڕیان بوو.

باسی ئەدەب و شیعر لەگۆڕێدا بوو کابرا بەسڵاوێك لەمشتومڕەکەیان دای بڕین هەرواش کە هەناسەی توندبووبوو...

لەبەر خۆیەوە دەی وت..

کارەساتە.. کارەسات .. دەترسم ئەمە ڕووبدات.

ڕووی کردە هەرسێ شاعیرەکەو بەگەرویەکی نووساوەوە.

ووتی :-

هاوڕێیان ئەمشەو خەوێکی خراپم بینی دڵنیابن گەر خوانەکردە بەوجۆرە بێت کەمن پێش بینی دەکەم .. دێتە دی . . بەڕاستی کارەساتە.

ئەم پیاوەی کەبەم شێوەیە خەوەکەی بینی بوو ئەوبێکەسی شاعیر بوو..

سالم بەهەناسە هەڵکێشانەوە سەیرێکی بێکەسی کردو ئاخێکی هەڵکێشا پێ دەچوو هەستی وای پێ بڵێت کەسەدلەسەد خەوەکەی بێکەس تەواوە.

بەکاوەخۆ بەبێکەسی ووت.. هاوڕێ ژیان سەرگەرمی دەردی خۆیەتی دڵنیابە بە ڕێکەوت خەمی من و تۆیەتی . . ئازار مەچێژە خۆمان پڕین لە ئازاری ژیان.

بێکەس گیان خەوەکەت بۆمان بەیان کە بزانین چی ڕوویداوە .

بێکەس ووتی:-

ئەی هاوار هاوڕێیان .. لەخەومدا پاش ئێمەو لەدوای ساڵانێکی زۆر چەندەها کەس ناویان لەخۆیان نابوو شاعیر کەلە پێناو پارەو بەرژەوەندی تایبەت و بۆخۆنمایش کردن بەردەوامیان دەدا بەشیعر. لەهەمووی خراپتر هەرلەخەوەکەمدا . . سەرم دەکرد بەهەر کۆڵانێکدا دەیان شاعیری تێدابوو.

کە لە واتاو بەهای پێنووسیشیان نەدەزانی. لەهەمووی سەیرتر کەسیان یەکتریان بە شاعیر نەدەزانی و وە لە هەمووی سەیرتر دەهاتن لە بەهای شیعری یەکتریان کەم دەکردەوە.

بێ کەس هەناسەیەکی هەڵکێشاو و کێشای بەڕانی داو هاواری کرد کەدەترسم ئەمە ڕوویدات..

زۆربەی هاتوچۆکەرانی بەردەرکی سەرا. ئاوڕیان دایەوە بۆ دەنگەکەی بێکەس کە ئاخۆ بۆ بە حەسرەتەوە هاواریەتی.

ئالی . . بە زەردەخەنەیەکەوە. قۆڵی بێکەسی شاعیری گرت و ڕای پسکاندە بەردەمی خۆی. . بەهێمنیەکەوە. چرپاندی بەگوێی بێکەسدا.

تۆ ڕاست دەکەیت .. بەڵام دڵنیابە لەو سەردەمەی . . دوای ئێمەش . شاعیری دەگمەن و ئاوازە دێنە مەیدان و بۆ مێژوو دەنووسن.

بێکەس زۆر خۆشحاڵ بوو بەم قسەیە.

دەستی سالم و ئالی و کوردی گرت و توند گوشی و بە ئارامیەکەوە پێی وتن.

بۆنمونە کێ ... ئێوە دڵنیان .. دەی کێ یە پێم بڵێن با ئاسوودەبم هەرسێ شاعیرەکە . بێ کەسیان هێنایە پێش وێنەکەو پەنجەیان ڕاکێشا بۆ پیاوێك کەلەتەنیشت منەوە بەبێدەنگی دانیشتبوو لەبیر کردنەوەیەکی قوڵدا بوو. کتێبێکی بەدەستەوە گرتبوو. ئەم دیو و ئەودیوی پێ دەکرد کە لەسەر بەرگی کتێبەکە نوسرابوو بەهەشتی عەشق.

بێکەس چاوی نەدەتروکاند لەسەیرکردنی پیاوەکەی تەنیشتم بەشاعیرەکانی وت. . کەئەم پیاوە کێ یە.

کوردی دەستێکی هێنا بەسەر سەری بێکەسداو وتی :

کە ئەو پیاوە بەکر پشدەریە. دڵنیاشی کردەوە کەهەرگیز ئەم پیاوە ناوازەیە لەخەوەکەی ئەمدا جێگەی نابێتەوە.

لەبەرئەوەی ئەم پیاوە هەڵگری ناوی شاعیرەو ئەو بۆ مێژوو .. بۆژیان .. بۆ عیشق.

پێ نووسەکەی ناوێتە کردووە بۆ ئەبەدیەت کەبتوانێت بۆهەمیشە لەنێو هیواو ئامانجی نێو ئەودەلاقەوە خۆر بەباشی ببینێت کە ئێمە بینیومانە.

من بەردەوام چاوم لەسەر وێنەکەبوو زۆر تامەزرۆی بینینی ئەو کەلە شاعیرانەبووم.

بەڕاستە شەقامەکەی نێو سەرادا گالیسکەیەکی دوو ئەسپی بە خێرایی هات. کابرایەکی بەتەمەنی کڵاوبەسەر کەگۆچانێکی بەدەستەوەبوو. لەتەنیشت عەرەبانچیەکە دانیشتبوو بە دەستی ئیشارەتی بۆهەرچوارشاعیرەکە کرد. کەسوار گالیسکەکە بن .. ئەم پیاوە بەتەمەنە پرشکۆیە.

پیرەمێردی ئەمر بوو. بە هەر چوار شاعیرەکەی وت...

سەرکەون دەبێت هەناسەیەکی ئارام و پیاسەیەکی دڵنەوایی بۆ مرۆڤایەتی بەنێوشاردا ئەنجام بدەین.

چەندجارێك هاواری کرد.
دەی هاوڕێیان تاخۆر ئاوانەبووە. دەنا ناتوانین سەردانی بە هەشتی عەشق بکەین.
منیش چرکەیەك لەسەیرکردنی وێنەکە دابڕام ویستم قومێك لەچاکە بدەم. وێنەکە لەجوڵە کەوت.
ئاوڕم دایەوە بۆ بەکر پشدەری دەمویست زیاتر ئاشنای بم.
بەهێمنیەکەوە پێم وت : کەوایە بەکر پشدەری ئێوەن.
ئاوڕی بۆم دایەوە . ڕوخساری شاد بەخش و لێوان لێو کەواتاو پڕمانای ژیانیان دەبەخشی بەردەوامیش لەسەر زاری لەبەر خۆیەوە ئەم وتەیەی دەوت :
ئای چەندە ئازارم دەدەن ئەو شەتڵە گوڵە جوانانەی لە ڕەگەوە دەجوڵێنرێن. ئیتر هەر زوو وشك دەبن و دەومرێن و ناڕوێنەوە.
ئاخێکی هەڵکێشاو چاوی خستە سەر کتێبەکەی دەستی ...
منیش زۆر تامەزرۆ بووم کەبتوانم بیدوێنم .. پیاوێك بە پرتاو هاتە بەردەم بەکر پشدەری و کتێبەکەی کەبەدەستیەوە بوو لێی وەرگرت و لەسەریەکەم لاپەڕە چەند دێڕێکی نوسی.
تۆێو هەستەکان .. بۆ کامڵ بوونی مرۆڤایەتی . بۆ ڕەنگە ئەرخەوانیەکانی ژیان و بۆ عیشق دەنوسیت.

کەوایە تۆ دەتوانی پیاسەیەکی باراناوی لەتەك ئێمەدا بکەیت وازۆیەکی لەسەر کتێبەکە کردوو ناوی خۆی لەسەر نووسی. . خەمخۆرت قانع ی شاعیر ....

قانع دەستی خستە سەرشانی بەکر پشدەری و بەزەردەخەنەیەکەوە وتی : بەنیازم سەردانێکی خانەقای محوی بکەم... دێیت لەگەڵم.

بەکر پشدەری دەستی قانعی گوشی و پێی وت مامۆستا گیان بەهەموو عومرم لەچاوەڕوانی ئەوەدابووم پیاسەیەکی باراناوی لەگەڵ حزورتاندا بکەم. بەلام سەرەتا پرسیارێ . . منیش بەتەواوی گوێم شل کردبوو بزانم ئاخۆ ئەم پرسیارە چی بێ. کەلەقانعی گەورە دەکرێت.

بەکر پشدەری هەناسەیەکی پڕ لەحەسرەتی هەلکێشاوو وتی..

شەوتابەیانی ڕۆژ دەبێتەوە
شاعیر.. هەر شیعر دەنوسێتەوە.
تۆ بلێی شیعرێك لە پاش مەرگی خۆی
بتوانێت جارێك بینووسێتەوە.

قانع بەهێمنیەکەوە بە پشدەری وت .. نایابە .. زۆرجوانە دلنیابە. هەرشاعیرێك پێنووسەکەی. لە پێناوی ئامانجی استاتیکای ژیان و مرۆڤایەتی بێت. .حەتمەن شیعرەکانی هەمو ژیانی دەنوسنەوە. وهەمیشە وادەکەن کە نەمرێت.. ئەی نابینی ئێمە هەناسە دەدمین بۆ ئەبەدیەت.

قانع بەخێرایی دەستی بەکر پشدەری گرت و پێی وت. پەلەبکە. تا خۆرئاوا نەبووە. سەیرێکی ناو ئەو گالیسکەیەی بەردەرکی سەرابکە. ئەها ئەو کەڵە شاعیرانەی تێدایە. ئەوان لەچاوەڕوانی تۆدان بەڵێ قانع و بەکر پشدەری شاعیر لەچاو تروکاندنێکدا چوونە نێو وێنەکەوە.

منیش چەندجارێك. دەستم هێنا بەچاوەکانمدا بۆئەوەی هەموو شتێك بەو پاکی و بێگەردیەی خۆی کە بوونی هەیە ببینم.

چاوم هەڵبڕی. پشدەری. لەنێو گالیسکەکە. لەناوەڕاستی. شاعیرەکاندا دانیشتبوو.

بێکەس سلاوی لێکردوو. پێی وت. بەخێرهاتی بۆنێو ئەم کۆڕمو . پیاسەیەکی باراناوی ئێوارانی ئەزمەڕ. ئادەی بزانین.. چیت هەیە بۆ ووتن.

بەکر پشدەری .. هەستی بەشانازیەکی گەورە دەکرد کەوا خۆی دەبینیەوە لەناو ئەو هەموو پیاوە ناوازەو ئەمرەدا.

سەیرێکی خۆرەکەی کرد. کەلەدامێنی چیای ئەزمەڕ. سەرتاپای سیمای هەموویانی ڕووناك کردبوومەوە بەدەنگی بەرز وتی..

خۆری پیرۆز ...

لەژێر سایەی پێنووسەکەی

نالی و سالم و کوردیدا.

لەڕێبازی پیرەمێردی

فەیلەسووف و نەبەردیدا
لەگەڵ بیکەس.
چۆن پەنجەی کرد
بەچاوی (ئەدمۆنز) لەشاردا
دەستم لەدەستی قانعدا
کە پارەو زۆردارەکانی دەکوشت
لەژێر نووکی قەڵەمێکی دارا
هەموویان لەئامێز دەگرم
کەدڵنیام
لەناو خۆری ئاواتی ئەواندا ..
هەڵدێم ..
هەرگیز نامرم .. هەرگیز نامرم.

کەڵە شاعیرەکان زۆر شادمان بوون بەم شیعرە ستایشیان کرد . . پیرەمێرد ئاوڕی دایەوەو چەندجارێك بە پشدەری وت :
ئافەرم.. بەڕاستی جوانە.. لەخۆڕانیە بانگهێشتی ئەم گەشتەمان کردوی ؛
گالیسکەکە کەوتەڕێ.. باران نمە نمە دەباری. . هەر هەموویان بە ئاراستەی. خۆرەکە. ڕۆشتن. . خۆر لەچاوەڕوانی دابوو. کەکەی دێن هەر بۆیە بەفراوانی سەرلوتکەی چیاکانی داگیرکردبوو. گالیسکەکە

بەناراستەی نێوخۆرەکەدا. ڕۆشت. تاکو هەرهەمووییان لەنێوی دا غەرق بوون. منیش خۆزگەم دەخواست کە پیاسەیەکی بەردەرکی سەرای جاران و دارچنارەکانی بەرحەوشەی قوتابخانەی فەیسەڵیەو شەقامی پیرەمێرد تادەگات بەچیای ئەزمەڕ بکردایە.

وە یاخود هەرهیچ نەبێ بەدوای ئەو گالیسکەیە ڕام بکردایە.

بۆئەوەی هەناسەیەکی ئەوکەڵە شاعیرانەم بەنسیب بوایە و لەو بێ گەردی و بێ خەوشەی ئەو سەردەمە واتای ژیان فێربوومایە.

درم دا بەخۆم کەهەرچۆن بێت. بچمە نێو وێنەکەوە.

بەدبەختی من خاوەن چاپخانەکە کەدیاربوو جێ گۆڕکێی بەوێنەکان دەکرد. وێنەکەی بەردەرکی سەرای لێ کردەوەو بۆهەمیشە لەجوڵە کەوت.

بەبێزاریەوە. ئاوڕم دایەوە بۆلای ڕاست. کتێبەکەی بەکر پشدەری دانرا بوو لەتەنیشتەمەوە، ئیدی زۆر شادمان بووم.

منیش خێرا کتێبەکەم هەڵگرت لاپەڕەکانیم یەك بەیەك هەڵدایەوە. بەتامەزرۆوە. ڕۆدەچوومە نێو پەیڤە شیعرەکانیەوە. لەگەڵ هەرخوێندنەوەی شیعرێکی ئەم شاعیرە. دڵۆپە بارانێك. لەنێو سووچی لاپەڕەکانیەوە. دەیدا لەوشەکانی.

تەواو هەستم بەئاسوودەیی دەکرد

ئاخر بەکر پشدەری لەخوار واژۆکەی قانع ی گەورە بۆی نوسیبووم کەئەم کتێبە بۆتۆیە.

من لەگەڵ ئەو هەموو سۆراغەدا بۆ ئەوەی کەئەم پیاوە دەگمەنە بدۆزمەوە. ئەوەتا ئێستا کتێبەکەشی لای منە. تەواوی نێوچاپخانەکە گەڕام تاکو سوپاسی بکەم بۆ کتێبەکە. بەلام بێ هودەبوو. لە عومەری چاپچیم پرسی .. وتی کە لە مێژە نێرەی بەجێ هێشتووە.

دواجار دوای گەڕانێکی بێ ووچان. دووبارە. لەسەر لوتکەی چیاکان چاوم پێی کەوتەوە. کەژوانی هەبوو لەگەڵ خۆری پیرۆز پێ دەچوو کۆڕی شیعریان هەبێت.

خۆری پیرۆز بە شاعیری وت :

تۆ خاوەن هێزی ئەفراندنی بۆ شیعر هەمیشە دەتوانی بەشێك لە وشە مێژوویەکانت بگوازیتەوە بۆ دەروونی مرۆڤایەتی بەشەکەی تری بۆ ئەو مرۆڤانە کە لە چەشنی ژیان پەیوەندیان هەیە بە ئەمریت . .

پشدەری . بەم وتانەی خۆری پیرۆز سەرتاپای جەستەی ماندوی بوبووە ڕوناکی کە بۆ پەژارەیی پانتایی ژیان هەناسەی دەگەیشتە باڵندەکانی ئاسمان . باڵندەکان لە ئاسمانەوە بۆ شاعیریان دەخوێند شاعیریش ئەخۆشی دەنگی ئاوازی ئەوان بوو .

هەر بۆیە لە حزوری خۆردا زۆر بە ئارامی بە خۆری وت : ئەو خەمەی لە مەرگی من قورسترە ناتوانێت دڵتەنگی خۆی .. بەسەر شانی کەسی تردا بدات . دڵنیابە ڕۆژێك دێت ئیزرائیل بە ئاسانی مەرگی من دەکێشێت . بەلام هەرگیز مەرگی شیعرەکانی بۆ ناکێشرێت.. هەر بۆیە دەمەوێت بەهەشتی عەشقم نیشان بدەی . خۆر بە هەمان ئارامی

شاعیر بە پشدەری وت: کە کلیلی دەروازەی ئەو بەهەشتی عەشقە لەنێو دەرونی خودی خۆتدایە...

پشدەری و خۆری پیرۆز . گفتوگۆیەکی چڕوپڕیان پێکەوە ئەنجامداو خۆری پیرۆز هێدی هێدی بەرەو دامێنی چیاکە شۆڕ بویەوە.تاریکی خەریك بوو بە تەواوی سەر لوتکەی چیاکەی داگیر دەکرد.

شاعیر بڕستی لێ بڕا . هەنگاوی بەرەو خۆر دەناو بە دەنگێکی پڕ لە ئومێدەوە بە خۆری وت. . تکایە بمێنەرەوە خۆ هێشتاکە کۆڕەکەمان بە کۆتا نەهاتووە.


خۆری پیرۆز بە ئارامیەکەوە بە شاعیری وت :

کەوایە وەرە لەگەڵم با پێکەوە پیاسەیەکی باراناوی بەنێو ڕۆحی شاعیرەکاندا بکەین ، ئەوانیش تامەزرۆی بینینی بەهەشتی عەشقن

شاعیر بە خۆشحالیەوە لە تەك خۆرەکەدا بە دامێنی چیاکەدا هەنگاوی نا تاکو هەردوکیان دیارنەمان. تەنها دەنگی شاعیر دەبیسترا کە بە بلندی دەنگی دەدایەوە بەسەر لوتکەی چیاکاندا کە بە خۆری پیرۆزی دەوت

ئەکەی خۆتم لێ بزرکەی . . ئامۆم کەیت بە تیشکی چاوت . . بەڵێنی جێ ژوانم داوە بۆ ئەمران . دیوانی بەهەشتی عەشقیان بە دڵۆپە باران بۆ واژۆ بکەم .

لەگەڵ نەمانی خۆری پیرۆز و شاعیر تەنیا مامەوە بەڵام لەو تەنهاییەدا نە هەستم بە نامۆیی کرد نە بە تاریکی هۆکارەکەشی ئەوەبوو لەهەر لایەکی لوتکەی چیاکە کتێبی بەهەشتی عەشقی شاعیر بەکر پشدەری دانرابوو کە بە تەواوی هەموو جێگەیەکیان ڕوناك کردبوووەوە کە هەناسەیان بە ژیان و مرۆڤایەتی دەبەخشی .



# ( پیاوە پاییزییەکە )

# هەناسەیەك لەنێو گەڵا هەڵوەریوەكانی پایز.... بۆ پێنووسەكەی حمە عومەری شاعیر

تكایە... پە نجەرەكە تەڵغ مەكەن . .
تا بتوانین بەڕوونی و بە ئارامی جەنەڕاڵی پایز ببینین.
گفتوگۆكردن لەسەر هەر دیاردەیەكی شیعری حمە عومەر دیاردە و ئاوێتەبوونی رۆح و دەركەوتەیەكی ڕابوردو ئێستا و ئایندەی فرە ڕەهەندە بۆ بیری كۆمەڵگا.
جگە لەوەی لەدنیای فرە ئەگەر و فرە بیركردنەوەو تێڕامان بەدیار هەر وشەیەكی پێنوسەكەی.بەشداریكردنە لەژیانێكی فرە لێكدانەوە بۆ هزری گەورەی شاعیر.
شیعرەكانی بەدەیان واتای پڕ واتاو دەلالەتی جیاواز دێننە بوون لەگەڵ دنیایەكی‌نوێدا كە ئیدی تۆی خوێنەر لەخوێندنەوەی شیعرەكانی لەیەك ساتدا دەتوانی جوانیەكان..واتای ژیان..میهر..تا ئاستی بێخەمی ئاوێتە بكەیت لەگەڵ بیركردنەوەت.
ئەو بەوێنەوە شیعرمان بۆ دێنێتە بوون . .
شاعیر بە باكگراوندی لایەنە جوانەكانی ژیانەوە گێڕانەوەی وێنە شیعریەكانیمان بۆ دەخوڵقێنێت . . . شاعیر وامان لێدەكات چۆن بەشێوەیەكی خەم هەڵگرتوو ئولف بەڕەنگی پایزەوە بگرین.

ئیدی لێرەوە تێدەگەین کە چ هەنگاوێکمان هاویشتوە بۆ ناسینی خەمە کەڵەکەبوەکانی شاعیر.

ئیدی لەم جیهانەدا لەوە دڵنیا دەبین کە ئەو ناوازەترین مرۆڤی سەردەمی خۆیەتی و لەناخمانەوە ئەو بێدەنگیە دەشکێنین کە ئەو شاعیرێکی دەگمەنە کەوایە خۆت بسپێرە بەوشەکانی حمە عومەر ئەگەر زیاتر لەوەی کە لە ناختا هەیە و عاشقی داهێنانەکانی ئەویت لەبەرئەوەی شاعیر فرە ڕەهەندی جوانی وسۆزێکی گەورەت پێدەبەخشێت کە دەبیتە ئەو مرۆڤەی نزیکتر لە نیگاکانی خۆرەوە هزرت فراوان بکەیت.

خراپترین بیرکردنەوە و بێدەرەتانیمان تەنیایی یە لەدووری شاعیر....ئەو هەستەی کە هەمانە دوور لە ووشەکانی ئیدی ئەو خۆرە هیچ یەکێك لەئێمە لەئامێز ناگرێت بەڵام خودی شاعیر بە خۆرمان ئاشنا دەکات و بەو هەستە تەنیاییەوە بە وشە پڕ گەوهەرەکانی هەمووانی لە تەنیایی ڕزگار کردووە ئەگەر جارێك لە جاران تۆ ئەزموونی خۆشەویستیت بەرجەستە نەکردبێت ئەوا هەرگیز ناتوانیت ئەزمونیشت لە شیعرە باڵاکانی شاعیردا هەبێ و عاشقیان بیت.هەر لەبەرئەوەیە شیعرەکانی حمە عومەر پڕاوپڕن لە عەشق و سۆز و میهر بەهای رۆحەکان و ئەندێشەی مرۆڤ.گۆڕین و بنیاتنەرە لەناو شیعرەکانیدا بەهۆی دەستە ئەزەلیەکانیەوەو خەیاڵە ناوازەکەیەوە

وشەکانی بنیات نەرانە خولقاندووە.بۆیە کاتێك هەر وشەیەکی دەخوێنیتەوە ئەوا تۆ بنیات نراوی بۆ هەموو زەمەنێك.
ناسینی پایز هونەرێکە کە هەموو مرۆڤەکان ناتوانن بیناسن تەنها کەسانێك دەتوانن پایز بەو شێوەیەی خۆی کە هەیە بیناسن کە ڕۆحی خاوێنی خۆیان ببەخشن بەو ناسینە ئەو کەسەش جەنەڕاڵی پایزە کەوایە جەنەڕاڵی پایز قورسایی ژیانی مرۆڤەکانی لەکۆڵ ناوەو شادیەکانی ژیانی خۆی پێشکەش بە پایز کردووە.ڕوونە کە شاعیر هەڵگری ئەو ناوەیە لەخۆڕا پێی ناوترێ جەنەڕاڵ
ئاخر ئەو بەباشی پایز دەناسێت ئەو زۆر بە زوهد و ئاسکیەوە لە خەمی گەڵا هەڵوەریوەکانی دارەکان تێدەگات ئەو بە بڕینی هەوراز و ڕۆژە دژوارە بێ کۆتاکان هەمیشە هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ئەودیو سروشت.بۆ مەگەر کەسی تر هەیە بتوانێت باسی پایز بکات بەوێنەوە بۆمان جگە لە حمە عومەر بێشك نەخێر
ئاخر ئەو هەڵگری ئەو پەیامەیە کە دەڵێت پایز بۆ من ئەو بینینە نییە کە بە چاوانم دەیبینم بەڵکو ئەو تێڕوانینەیە کە بەڕۆح وێنای دەکەم بۆیە شاعیر هەر لەو سۆنگەشەوە پایز ئاشنا دەکات بە هەمووان.
خودی شاعیر.خودی وشە پڕ بەهاکانی و ئامیلکەکانی کردووەتە کەشتیەکی ڕزگارکەر لە ئۆقیانوسی کێشمە کێش و سەرکێشی تەنها بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەجوانی لەواتای سروشت.ئاخی پایز بگەن.وە

ساتێکیش تۆی مرۆڤ شیعرە باڵاکانی بەدڵ دەخوێنیتەوە ئیدی تۆ لەناو ئەو کەشتیەدایت و بەردەوام جوانی سروشت وێنا دەکەیت.
دەستمایەی پیرۆزی شاعیر....بیری ئازادی و ناسینی سروشتە.شاعیر بەهەستە ناوازەکەیی و بە وشە پڕ بایەخەکانی بەڕێمان دەکات بۆ ژیانێکی پڕ لە نواندن نواندنێك کە خودی شاعیر مەبەستیەتی.
بە ویستی شیعرە باڵاکانی ئەك ئەو نواندنەی کە هەیە و دروستکراوە تا ئەم ساتەش لەبیری شاعیردا زۆرینەی خوێنەر زۆرینەی مرۆڤ بەجوانی ئەگەیشتونەتە ناسینی ئەندێشەکانی شاعیر وە هەروەها تا ئەم ساتە وەختەش بەزانینی هەرە بچوکی خۆشەویستی بۆ شاعیر و شیعرەکانی ئەگەیشتوون ئەو چارەنوسەمان پێ دەبەخشێت ئەگەر کەسانی تر بۆ زەمەنێکی کورت بووینە چرایەك بۆ مرۆڤایەتی.شاعیر لەڕابوردوو ئێستاو ئایندەش لەگەڵ هەر هەناسەیەکی ئارامی مرۆڤەکاندا بووەتە ئەو چرایەی کە هەمیشە ڕووناکی دەبەخشێت تا ئەم ساتەش ئێمە کاتێك شیعرەکانی حمە عومەر دەخوێنینەوە تەنها دیوە پڕ بەهاکان دەکەینە هەستی سەرکەش لە بونیادی وشە پڕ لەبەهاکانی.
دەنا گەر لەڕوانگەی ئەو چرایەوە بڕوانیتە ئەودیو هەست و سۆز و وشەکانی ئەوا بێ شك دیل بوون و مل کەچ بوون لەخودی خۆتدا دەبێتە وەسیلەیەك کە هەرگیز ئەتوانی بۆ چرکەساتێکیش لەشیعرەکانی دابڕێیت

شاعیر بەردەوام بەڕووی خۆیدا ئاوازێك بنیات دەنێت و ئاوڕێك نەداتەوە لەوەرزەكان و چاوەكانی هەمیشە تێڕامانی بۆ چركەساتەكانە ئاخۆ كەی پاییز دێت ئیدی لەوێوە لەدەرگای گومانەكان ئەدات و بەچراكانی دەستیەوە لەژێر ئەو درەختەی كە هاوڕێیەتی كردووەتە ئەبەدی بۆ لق و چڵ و گەڵا هەڵوەریوەكانی لەترووسكایی دەرونی پڕ لەهیواكانی دادەنیشێت و تێ دەفكرێ ئاخۆ بزانێ پاییز چەند ڕۆژی ماوە و كەی دێتە كۆتا.

حیكمەتی دەستی شاعیر ڕازیبوون لە سروشت و گەیشتنە بە دەرونی خۆی . .

شاعیر هەمیشە دەڵێت لەتەنیاییدا دەتوانی بۆ تەنیایی وێڵ بیت لە تەنیاییدا بۆ ئاشنایەتی و لە تەنیاییدا بۆ عەشق دواجاریش تەنیاتر لە تەنیایی گەڕان بەدوای پاییزدا.

دەنگی شاعیر دەنگدانەوەیە بۆ دەنگی خوێنەر كە لە غوربەتدا هەزاران بانگهێشتی جوان بە گوێیەكاندا دەچرپێنێت بیرۆكەی شاعیر بەدرێژایی ڕۆژ بەبێداری دەتهێڵێتەوە بەڵام بیرۆكەیەكی باڵاو پڕ لەحیكمەت وە بەدرێژایی شەو وات لێدەكات تۆ بەدیار چرایەكەوە ڕابمێنێت و بەردەوام خەیاڵت لەنێو ئەندێشە شیعرەكانیدا بێت و بچێت تۆی خوێنەر بەیەكەم دیدەنی و بەگەیشتنی شیعرەكانی ئیدی خەو ناچێتە چاوت و لەهەوڵی ئەوەدای ئاخۆ بۆم هەیە چەندجار بەدوای ئەودیو شیعرەكانیدا وێڵ بم بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە چ ژیان و چ غەریبی و

تەنانەت پایزیش جوانتر بناسم گەر بمانەوێت ئەم پیاوە ئاوەزمیە باش بناسین و بیدۆزینەوە دەبێت وەك مرۆڤێكی كامڵ بەنیگایەكی جیاواز بڕوانینە خودی شاعیر كاتێكیش دۆزیمانەوە ئیدی لەو نیگایەوە هەست بەیەكەمین هەناسەی شاعیرانەی دەكەین و لەڕێگەی هەناسەیەوە ڕۆدەچینە ناویەوەو ئیتر ناوێتەی ڕۆحی دەبین و نزیكتر لەدڵی هەست بە ترپەی وشە ئەفرێندراوەكانی دەكەین ئەو لە گۆشەیەكی تەنیایی لەتەنیاتر تێڕامانی بۆ ئەو دەلاقە هەیە كە لەدرزێكی دەلاقەكەوە خۆر هەمیشە لەنێو ئەو ژوورەدا بەدیار هەناسە تەنیاییەكانیەوە بووەتە میوانی ژورە خەم هەڵگرتووەكەی شاعیر و بووەتە هیوا و ئاواتێكی مەزن بۆ نێو دەریای هزر و داهێنانە دەگمەنەكانی شاعیریش لەڕێی تیشكی ئەو خۆرەوە لەژیانەوە هەمیشە بۆ ژیان دەنووسێت بۆ ئەوەی بە ئارەزومەندانە بتوانێت دەربڕین بێنێتە بوون.

لەدرزێكی تری دەلاقەكەوە باران نمە نمە دەبارێت و جارجارە لەو درزەوە چەند تكەیەك لەبارانەكە ئەیدا لەسیمای ناوازەی شاعیر كە هەم خۆرەكە و هەم تكەی بارانەكە ئاوێتە دەبن بەسەرو ڕوخساری ماندوییەتی شاعیر و لەگەڵ پرچە سپییە دەگمەنەكەیدا جۆرێك لەڕەنگی ژیان دەخوڵقێنن . .

## دوایین هەناسە بۆ جەنەڕاڵی پایز.....

شاعیر هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێ و گوێبیستی دەنگێکی لەرزۆك دەبێت کە دایکە بەحەسرەت و ماندوەکەیەتی شاعیر بەدەم چا خواردنەوەو کێشانی جگەرەکەیەوە لەنێو ئەو دەلاقەوە لەچاوەڕوانی پایزدایە ئاخۆ کەی دێت.

خۆر کە هێواش هێواش بەرەو ئاوابوون دەڕوات شاعیر هەست بەزەردەیەك دەکات لەناخیدا بەخێرایی دەرمانەکان ئەدا بە دایکە بەساڵاچووەکەی و دوای ماچێکی قوڵی سەری دایکی دیسانەوە دێتەوە بەردەم پەنجەرەکە و بەدەم کێشانی جگەرەوە لەچاوەڕوانیدایە هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و دەڵێ :

سینەی پڕ ئاهم هەورێك تیا دەگری لە چاوانتەوە باران داناکا.

عەمریشم بەفری بەر هەتاویکە و هەردەبێ بەشوێن مردنا ڕاکا.

ئیدی گوێبیستی دەنگێك دەبێت کە دەڵێت لێزمەی باران نەگەیشتوەو پەلکە زێرینەی دروست نەکردووە بۆ ئەوەی باسی ڕەنگە ئاوێزانەکانت بۆ بکات مژدەی یەکەم ڕۆژی پایز بە گوێیە ماندوەکەتا بچرپێنێ پێت دەڵێت تۆ لەگەڵ جەنجاڵیەکانی ژیان هەڵگری خەمێکی قوڵی

تۆی شاعیر لەگەڵ خەمەکانی ژیان و جەنجاڵیەکانی ئاشنای بە ئارامیەکان بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ئارامی و بێدەنگیە لەناختەوە ئەمان دوێنێ و پێمان دەڵێیت ئەوا پایز هات ئەی ئەوە نیە پایزت بەهەموان ئاشناکردووە ئەی پێمان ناڵێیت لەژێر دار چنارێکی وەرزی

پایز برۆن بەباشی بیر بکەنەوە ئەی گەلا هەلوەریوەکان بۆ نالێیت کە لەهەر کۆپلە شیعرێکی شاکارت هەر گەلایەکی رۆدەچێتە ئەندێشەکان و دەبێتە خۆراکێکی رۆحی بۆ هەموان . .

تۆی جەنەراڵ لەخەمی هاتنی وەرزی پایزی.لەشەوی یەلدا کە ماڵئاوایی لە گەلاهەلوەریوەکان دەکات تۆ بۆ ساتێکیش وەنەوز نادەیت لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەڵگری خەمێکی قوڵتر لەوانەی کە خەمی دوو بەساڵاچوی رەنگ زەردی بێ دەرەتان کە ئەوانیش دایە و بابەتە بەژووره داروخاوەکەدا دێیت و دەچیت وچان نادەیت چاوێکت لەسەر ئارامی دایە و بابە لە جێگاکەوتوەکەتدایە و چاوەکەی ترت تێڕامانە بۆ ئەو پەنجەرەیەی کە دەروانێت بەسەر ژیاندا لەناخیشت لەبیری ئەوەدای چۆن شیعرێك بێنیتە دنیاوە کە باس لەغوربەت و پایزی رەنگ پەریو بکاتەوە دەچیتە بەر پەنجەرەکە و لەپێکی دەستت دێنی بەشوشەی پەنجەرەکەدا کە هەناسەی مرۆڤە خۆویستەکان و دوور لە ژیان بەهالاوی بۆگەنی دەمیان تەڵخیان کردوە روونی دەکەیتەوە ئیدی هەموو شتێك بەو جوانیەی خۆی دێتە پێش چاوت چەند دارێك لە نێو باخچەکەدا گفتوگۆیانە و گەلاکانیان باس لەماڵ ئاوایی یەکدی دەکەن بەحەسرەتەوە سەرت بەرز دەکەیتەوەو بەهێواشی بە هەورە رەش تاڵەکە دەڵێی:

ئەوە منم (جەنەراڵی پایز) ئەی هەورە تورەکە لەنێو پایزدا پایزێکی جوان و نمە بارانێکم دەوێت لەبری رۆحم نمایش بکەم دەبمە

نمایشکاریکی ئەبەدی بۆ هەموان ئیدی ئەو ساتە کە دواساتە ساتێك دەمرم بەتەنیایی.

من خودی تۆم تۆ خودی ئارامی من.وا منیش بەو ئارامیەم هەمیشە چاوەڕێی تۆم . . . مەهێڵە لەم غوربەتەدا دواین هەناسە بدەم ئەی پاییز..

شاعیر کاتێك هەست بەوە دەکات بە هاڵاوی هەناسەکانی سەرتاپای شوشەی پەنجەرەکە ڕوون بۆتەوەو دیمەنی ڕەنگە ڕەنگاڵیەکان لەشێوەی پەلکەزێڕینەدا ناو ژوورەکەیان پڕکردووە لەمیهرەبانی.لە باکگراوندی ئەو میهرەبانیەوە شاعیر درك دەکات کە چەند جیاواز و ناوازەیە لەزۆربەی مرۆڤەکانی دی.

دووبارە جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و دەیەوێت جوانترین شیعر بێنێتە دنیاوە.

بەڵام دەنگی دایە و بابەی کە بەئاگای دەهێننەوە کە کاتی خواردنی حەبەکانیانە . .

شاعیر بۆ ساتێك ماڵئاوایی لەدار و گوڵی باخچەکەی ئەودیوی پەنجەرەکە دەکات و بەخێرایی ترپەی دڵی کە خەریکە ئارامی لەدەست بدات بەحەسرەتەوە بەرەو لایان دەڕوات و دەرمانەکەیان پێ ئەدا دایە و بابەش تاکە ئزایان بۆ لەمەڕ شاعیر تەنها ئەوەیە کە هەرچوار وەرزەکەی بۆ ببێت بە پاییز.

شاعیر کە هەڵگری غەمێکی قوڵ لەسینەیدا و لاشەیەکی لاواز و شەکەتبار وا ئازاری ژیان لەبەردەوامی تێڕامانە ناوازەکەیدا بە نارامی و بەچاوی پڕ لەگریانەوە دەستی هەردوکیان دەگوشێت وبەگوێیەکانیان دەچرپێنێ کە ئەرخەیان بن زۆر لەمێژە نزاکانتان گیرابووە ئەی ئەوەنیە هەڵگری ناوی جەنەراڵی پاییزم.ئەی هەستی پێ ناکەن دوا وێستگەی هیواکان بۆ ژیان ئامیلکەی لە غوربەتدایە . . . . .

هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵکێشاو لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دار چنار و شۆڕەبیەکانی کردەوە کە خەریکە باران دەبێتە میوانیان پاڵتۆ درێژەکەی لەبەرکردوو بەهەردوکیانی ووت کە ئیدی بەم زوانە ناگەڕێمەوە ژوانم لەگەڵ پایزدا هەیە دەبێت هەر بچمە دیدەنی . .


بەخێرایی چووە بەردەم پەنجەرەکە و سەیرێکی ئاسمان و دواجار بەدیقەتەوە ڕوانی بۆ دار و درەختەبێنازەکان بەهەنسەکەوە چاوی بڕیە چاوەکانی دایە و بابەی و ووتی: کەی وانەبووم.کەی وانەبووم. دڵنیا بن من هەمیشە دێوانە بووم..لەناخی ناخمەوە.دوور و نزیك خۆشم ویستوون.وە بێ پەروا ئاشقی پایز و چاوەکانتان بووم.

دواجار چەند کتێبێکی لەسەر ڕەفەکە هەڵگرت و لەماڵ دەرچوو دواجار لەودیوی پەنجەرەکەوە جەنەراڵ بینرایەوە کە جوڵەیەکی بە کلێتەکەی سەر سەری کرد و بەزەردەخەنەیەکەوە هەنگاوی دەنا بەرەو دار چنار و شۆڕەبیەکان. کۆمەڵێك لە گەڵای دارەکان کە هەڵدەوەرین بەسەر لاشەیدا و تەمی شوشەی پەنجەرەکە وایان کرد کە جەنەراڵی پایز

دیارنەمێنێت و لەچاوان وون ببێت ... دایکە خەزانیش بە باڵندەی سەر دارەکانی ووت: کە ئەوە جەنەڕاڵی پاییز وا گەیشت گەروتان پاك بکەنەوە بۆ بەخێرهاتنی بەدەنگە ئاوازەکەتان ئەوە شاعیرە کە سینەی پڕ لە ئاهو حەسرەتە

ئەوە جەنەڕاڵی پاییزە کە هەورەکان لە سینەیدا بۆ تاوێك ژێر ئابنەوە ئەوە محمد عومەرە ئەوەندە گریاوە ئیدی باران لەچاویدا داناکات ئەوە ئەو پیاوەیە کە خۆی و پێنوسەکەی و ژیانی کردووەتە تەمەنێك بۆ بەردەم خۆری ئازادی.

ئەوە گەنجینەی پڕ لە وشەی هەمووانە کە بەدەست نەهامەتیەکانی ژیان و دنیای بێ وەفا و مرۆڤە بێ هەڵوێستەکانی شار ناچار هەردەبێت بەدوای مردندا ڕابکات...



## ( پیاوە ماندووەکە )

# شاعیرێکی ماندوو . . . بە هاوڕێیەتی پەرەسێلکە سپییەکان دەیەوێت کۆچ بکات

ڕەوە باڵندەکان بە ئارامی لە تەک

باراندا ڕێ دەکەن و ماڵ

ئاوایی لە کۆچ دەکەن

لەنێو وەرزەکاندا . گۆرانی غەمگین دەچڕن بۆ ئاوازی شیعرەکانی شاعیر . . دەگرین بەدیار ڕەوڕەوەی مێژووەوە . . دەگرین بۆ تەنیایی خەمە کەڵەکە بووەکانی شاعیر

ئەوان کە کۆچ دەکەن . تەنیا نین .

لەگەڵ خۆیاندا بۆ کام شوێنە بەرزە فڕە بچن .

شاعیر یان لەتەک دایە .

شاعیریش بۆ کۆچی باڵندەکان . . حەقیقەت دەکاتە ئامرازی بەجێ هێشتنی هێلانەکانیان .

بە ئارامی و بێ دەنگی چاوە خەم هەڵگرتووەکانی ڕادەگرێ و چاوەڕێی بارانە .

ئەو بارانەی کە شەیداو دێوانە بە شاعیر ئاشنایەو هەرگیز پرس بە هەور ناکا. کە ئەیدا. لە پرچە خۆڵەمێشییەکەی. ئاخر باران باش دەزانێ شاعیر چەند هێورە . . چەند جیاواز و ئاوازەیە . بۆیە بەو بێگەردییەی هەمیشە دەروونی شاعیر دەشواتەوەو لە کام سەر زەوی پاراو بێگەردی هەبێت. ئەوا ئەو بێگەردییە دەبەخشێ بە هزری شاعیر و ئاشنای دەکات بە پەڕەسێلکە سپییەکان.

شاعیریش بە هێواشی چەترەکەی لادەبات و دەکەوێتە ناو کۆڕی دەنگی تکەی بارانەکەو زۆر بە ئارامی بە باران دەڵێت : ئەی باران لەنێو پشتی چ دەرگایەکەوە خۆم مەڵاس بدەم . کە نەتوانم . بینایم ڕوی گوناهی مرۆڤە بێ هەڵوێستەکانی ئەم جیهانە ببینێ . ئاخر ئەوان نایانەوێ لە بێگەردی تۆو هەنسکەکانی باڵندەکان ئاشنا بن.

ئەی باران چ ناوێك لەسەر زمانم دابنێم بۆ شكۆی پیاوە ناوازەكانی ئەم جیهانە كە بەردەوام ئاشنابم پێیان . . دۆستایەتی تۆم هەبێ. باران لەسەر ڕوی زەوی . چ باكم هەیە. . خەڵكی چۆن تەماشا دەكەن . تكایە دڵم شادكە . ئەی تۆ ئەدوت شاعیری گەورە دێنم بۆ دیدەنیت . ئەی بۆ نەهات. كاتێك تۆ دەرژێیتە نێو دەستە ماندوەكانم .

ئیدی من بە ویستی تۆ دەنوسم و دەستم پێ نوس دەگرێت . ووشەكان . لەنێو خەیاڵمدا شەپۆل ئەدەن بۆ عاشقی تۆ . ئێ لە ڕێ ی ئەو عەشقەوەیە . كە دەتوانم لە ژێر سایەت . . بەباشی بنوسم و بیربكەمەوەو ئاشنا بم بە باڵندە بێ نازەكان.

تەنها تۆی باران . كە بۆ منێك هەزاران دڵۆپە . دەكەیتە دیاری. بەسەر لاشەمداو . منیش بە پاكی و بێ گەردی لەتۆوە فێر بووم . . كە ئاوا بنوسم. بۆ مرۆڤایەتی تكایە بەو هێمنیەت كە دەیدەیت لە سیمام . با شاعیری گەورەت لەتەك بێت. من چاوەڕێتم.

## چاوەڕوانی پیاوە ماندووەكە . . .

ساتێك باران هێدی . . . هێدی ئەیدا

لەسەر زەوی و پیاوە ناوازەکان دەنوسێتەوە .

دەبێت هەمووان لە حزوری هەر دڵۆپێکیدا

لە ڕوانگەی ڕۆحمانەوە ناوازەییان بەدی بکەین .

تکایە بەو هێمنیەت کە تنۆك تنۆك دادەباریتە نێو ژیان . با شاعیرت لەتەکدا بێت.

ئاخر من چاوەڕوانی ڕۆحی پاکیانم .

دەبێت . بەهاو ڕییەتی شاعیرو بە حزوری تۆ ئەی باران. بچینە جێگایەك. کە فرمێسکی سەرجەم مرۆڤایەتی تێدا کۆبۆتەوەو . لەوێش خەمەکانمان بە با ئەدەین .

تکایە دەبێت هەر ئەوت لەگەڵدا بێت. ئاخر بە دیتنی ئەو خەمەکانم لەکۆڵ دەبنەوە .

ئاخر من بەو هەموو خەمە کەڵەکە بوومەوە . بڕستم لێ بڕاوە .

چونکە باش دەزانم

گریانە درۆینەکان مرۆڤە دەگمەنەکان نانوسنەوە .

زەردەخەنە کاتیەکان رۆحمان ئاسودە ناکەن

ئەی بۆ نازانی لەم وڵاتەدا. ڕستەیەکی پڕ لە بەهاو تەواو شك نابرێ بۆ ئەوینی دڵە ماندووەکانمان.

دڵنیابە بارانی ئەوینی ئاوێتە بە ڕاستی ژیان. گەر تۆ نەبی لەم سەر زەمینە ئەوینێکی ڕاستەقینە وجودی نیە بۆ وجودی مرۆڤەکان.

ئێستاکە . من ژوانێکم لە تەك پەڕەسێلکە سپییەکاندا هەیە. لەژێر ئارامی و حەزەکانی تۆدا. بۆ ژیانێکی ڕاستەقینە . . تاکو ئێوە دێن من بە هاوڕێتی پەرەسێلکەکان مێژوو دەنوسمەوە.

من بۆنی گوڵە لاولاوەکانی تەنیشتی ئەو دار شۆرەبیانە دەکەم . . ئەها بێ ئاز . سەریان ناوە بەسەری یەکترداو. گلەیی لە بەختی خۆیان دەکەن. کە چۆن سات نا ساتێك بۆنی پیسی ئەو مرۆڤانەی کە تەنها بە جەستە دەژین. چۆن ئەو لاولاوانە یان بە پێیە زل و ئاقۆڵاکانیان پان کردۆتەوە . با بەو منداڵە بێ ئازانەش ڕابگەم. کە بۆ پارچە نانێکی ڕەق بوو لە کۆمارێکی بێ نانیدا بە ئاستەم چنگیان دەکەوێ و بەدەم هەنسکی مەرگەوە. تا بەیانی بە بێ داری ڕۆژ دەکەنەوە. . تکایە زوو وەرن . چونکە برستم لێ براوە بۆ دیتنی .

## خەمی شەوی پیاوە ماندووەکە . . . . .

مرۆڤە دەگمەنەکان لە بەرامبەر سەختیەکانی ژیاندا چۆك دانادەن . . ئەوان بە وشەی پڕ لە حیکمەت و پڕ واتاو کاریگەر . ئاوێتەی هەستانەوەن بەرەو ئاسۆ.

بە پەرتوکەکانیان مێژوو دروست دەکەن .

کاردانەوەی جۆراوجۆرو ڕەنگاڵەیی ژیان لە خودی خۆیان دەنوێنن لەم سەردەمەدا زۆر کەمن کە هەست بە حیکمەتی پیاوە دەگمەنەکان بکەن و ئاوێتەی ئەندێشەیان بن.

ئەوان لە دیدی کۆمەڵگا جوان و بێ خەوش دێنە بەرچاوان سەلام مستەفای شاعیر . . .ناوازە . . . دەگمەن . . . ماندو .. . خەم هەڵگرتوو .

لەو مرۆڤە دەگمەنانەن کە جیاواز . قوڵتر لە ژیانی ڕاستەقینە لە دیدی مرۆڤایەتیدا. نەمرە . لە بنەڕەتدا شاعیر لەهەر چەشنە سەختی و دەردەسەریەکی ژیان بێزار نابێت و لەگەڵ هەر کۆپلە شیعرێکی دەرەنجێت و نیگەران نابێت.

پیاوە ماندوەکە. بەدەم ئازارەوەو تێ ڕامانی بۆ نیشتمانێکی کاول کراو و بە کرێ دراو. بە دیار هەنسکی پەڕەسێلکە بێ ئازەکانەوە خەمی شەوە تەنیایەکانیەتی. . چ خەمێك . . خەمێکی قوڵ. کە لەو شەوانەدا. تەنانەت دەریاش لەو تێ ناگا چۆن نەکەوێتە ڕێ .

شاعیر . . ئازار بەخشە . زام هەڵگرتووە . . ئاخر ئەو بۆ ئەو منداڵە بێ دەرەتانانە . زامی قوڵە . کە لە شەودا . بە برسیەتی و نەبونی پارچە نانێ . سەر دەنێنەوە .

بۆیە هەردەم شاعیر گریانی دەکەوێتە نێو ساڵ و ڕۆژە نوێ یەکانەوە .

شەوانیشی بێ زەردەخەنەو . بیری یادی منداڵی. کە بەردەوام بەرگێکی شڕ وا لەبەریا. شاعیر تەنانەت لاوێتی خۆی بەخشیبوو بە منداڵانی گەڕەك کە لە ژێر دارتووەکەی ( مام صالح )ی وشکە فرۆشدا منداڵانی گەڕەکی کۆدەکردەوەو لەژێر ئەو دارتووەدا شیعری هەناسەکانی ژیانی بۆ دەوتن.

شاعیر . . بە بینینی پەرەسێلکەکان تاوێك ئارام دەبێتەوەو بەدیار بارینی بارانەوە. پێ دەکەنێ . تاکو ڕوخساری پیرۆزی شەرمی گوڵەکان بومرێنێ.

ئەو هەمیشە لەنێو ساباتی گەوهەری وشەکانی لەنێو لاپەڕەی پەرتوکەکانی پێمان دەڵێت .

ڕۆژگارەکان . . سەمایەکی بێ ڕەنگ و بێ هەستن.

دەریاکان شەپۆلی شووم گرتوونی و بێ ڕەنگ و بێ مروەتە .

پیاوە ماندووەکە . جگە لە گۆرانی ژیان و وشەی ئەفرێنراو چی دیکەی نیە ببیەخشێت . ئەو بۆ ساتێکیش ئۆقرە ناگرێ لە دوری شیعر . هەمیشە لە دەریای خۆیدا ئەتلێتەوە بەلام ئاوازی ترپەی دڵی گەورەی شاعیر هەموو سەردەمانێك ئەوترێتەوە.

هەر ئەو ئاوازەیە کە مێژوو دەینوسێتەوەو دڵی شاعیر بۆ ئەبەد بە گەورەیی دەهێڵێتەوە.

شیعرەکانی سەلام هاوکێشەیەکە کەلە خودی خۆیدا. ڕەنگدانەوەی ڕوانین و ئاوێتەی هزری ئێمەیە.

ئاخر زۆر جاران دەنگێك دێتە گوێ ی شاعیر. کە بە خۆی دەڵێت :

من هەموو کات باسی ئازادی و نان و باڵندە بێ نازەکانی ئاسمان دەکەم . . تۆ بلێ ی شێتی بێت.

ئەو بە خۆی دەڵێت . تۆ بڵێ ی بە ڕاستی من شێت نەبوبم. پیاوە ماندوەکە جوابی دەنگە لەرزۆکەکەی خۆی ئەداتەوەو بە دەنگی بلند دەڵێ . . . نا . . . نا .

بڕواناکەم . . .ئەی ئەوە نیە هەموو ڕۆژێك . . . شیعر دەنوسم بۆ ژیان . . بۆ راستیەکان .

ئەی ئەوە نیە . وانەی بالندە کۆچەریەکان دائەدەم . کە لە هاوڕێیەتی پەرەسێلکە سپییەکان گۆرانی تێربوون بخوێنن بە بالای یەکتریدا.

ئاهو حەسرەتی بۆ ئازادی و بۆ نان و عیشق و نیشتمانێکی بەکرێ دراوە . . ئاخر بۆ گوێ ڕانادێرن بۆ حەسرەتی پیاوە ماندووەکە . . .با ئەو هەر بەشێت بەیان بکرێت. . بەلام هەمیشە پێنوسەکەی لەناو دەغلی جوانی و ژیان و هەناسەی مرۆڤایەتی دەبەخشێتە مرۆڤایەتی .

کەوایە سەلام مستەفا ئەفسانەیە لە واقعیەتی مێژوودا. دەبێ هەموان لە ڕوانینی پەیوەندیە رۆحیەکانی شیعرەکانی بپەڕێنەوە. وە گەوهەری نوسینەکانیشی لە سەرەتای ئەو ڕوانینەیەو لە کۆتا هەنگاوی ئەو تێڕامانەمان چەند پەرتوکێکی پیاوە ماندووەکە دانراوە کە

مێژوویەکی پرشنگدار بەیان دەکەن و ڕوانینمان لە وجودی داهێنانەکانیاندا تێڕامانە بۆ ئەوینی پەرتوکەکانی.

پرسیاریان لە مامۆستایەك کرد. کە بۆ ماندویت .

وتی . . لەبەر هۆکاری قوتابیەکانم . کە زۆر درەنگ تێدەگەن .

لە دکتۆرێك . . نەخۆشەکان کە دەرونیان نەخۆشە .

لە کرێکارێك . . جەستە . . . چونکە عەقڵ لەو کاتەدا وەستاوە .

بەڵام سەدان پرسیار لە پیاوە ماندووەکە بکرێت . ئەو دەڵێت تەنهاو تەنها . . ماندوبونە . لە ئازارەکانی ژیان . . ماندوبوونە . لە پەرتوکی فرێدراوی سەر شەقامەکان .

کەوایە ئەو جیاوازە لەهەر چەشنە مرۆڤێك کە ناوا بیرناکاتەوە ئەو هەڵگری ناوی شاعیرێکی ڕاست بێژی کۆمەڵگاکەیەتی . . خۆی ماندوو . . شیعرەکانی ماندوو . . کتێبەکەی ماندوو بەڵام پێنوسەکەی . ئەندێشەی فراوانی . لەتەك ئەو هەموو ماندوو بونەدا مەحاڵی مەحاڵە . ماندویەتی بناسێ.

## تێ ڕامانی من و چاوەڕوانی شاعیر . .

گەر بڕوانینە شیعرەکانی شاعیر. ئەوا زۆر بە زووی بۆمان دەردەکەوێت کە هەر پەیڤێکی شیعری ئەم شاعیرە هەموو بەها جوانەکانی باگراوندی ژیان و سروشت و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە قوڵایی هزریدا. بووەتە واقع. تا دەگاتە ئەو ئاستە باڵایەی کە هەمیشە لەنێو جانتا ڕەشە کۆنەکەی کە بووەتە هاوڕێی هەمیشەیی شاعیر بەسەر شانی چەپیەوەیەتی و بوەتە هاوڕێ ی هەنگاوە مێژوویەکانی. پڕن لە دنیایەك یادگاری و نوسینی نوێ. وە لە رۆشنایی نێو ئەو جانتایەوە بابەتەکانی وەك سمبول دەبێتە قەڵغانی بیرکردنەوەو تێ ڕامانی خوێنەر. کە هەر بە خوێندنەوەی شیعرێکی کۆس کەوتوی بێ ناز چرای غەریبی و ڕێگای تاریکی بۆ مرۆڤایەتی. بۆ ئەبەدیەت لە کزبوون قوتار دەکات و بوەتە فریاد ڕەسێك. کە ئێمە لەوێوە هەنگاوەکانمان لە ڕوناکییەکی هەمیشەیدا بنێین بۆ ئایندەیەکی گەش و جوڵاندنی هزرمان .

پیاوە ماندوەکە . هەر هەناسەیەکی تەنیایی خۆی ئاوێتەی کتێبە تەنیاکانی کردووە . . ئەو داهێنەرانە هەناسە تەنیایەکانی مرۆڤەکان ناهێڵێت . . هەر بۆیە ساتێك شیعرێکی بەدڵ دەخوێنێتەوە . ئیدی تۆ مۆمیاکراوی . ئەو شیعرەیت و ناتوانیت غافل گیر بیت لە جوانیەکانی ژیان. بە ئاشنا بوونی وشەکانی ئیدی تۆ ئاشنا دەبیت بە خودی خۆت وە ئاشنا بە باران .

ئەو دەنوسێت . بۆ نان . . بۆ ئازادی . . بۆ باڵندە بێ نازەکان. بۆ پەرەسێلکە سپییەکان. کە وادەی کۆچکردنیان نەهاتووەو بە زۆر کۆچیان پێ دەکەن. بۆ منداڵانی برسی . کە هەمیشە چاویان لەسەر نان بەدەستەکانەوەیەو ئەمانیش لە برسێتیدا هاوارو ناڵەیانە.

کەوایە دەبێت . بە گیا نمان. بێ ئاگانەبین لەو جانتا ڕەشەی شاعیر . . چونکە بە لەدەستدانی هەموو شتێك لەنێو دەچێت ئیدی ووشە پڕ بایەخەکانی نێو ئەو جانتایە. لە بێ کەسیدا با بێکەس نەبێ. ئاخر حیکمەتی نێو ئەو جانتایە. لەوەدایە کە دیسان شۆرشێکی عەقلی گرنگ بە نوسەر ئەدات و لەو ئەقڵەوە سەرچاوەی تەنیایی و خەم و یاخی بوون لە جوانی وشەکانی دەبێتە شادی بەخش بۆ ئارامی مرۆڤایەتی و خۆشەویستیمان بۆ ئاوازی وشەو دنیای پەرتوك.

تێڕوانینی من بۆ (سەلام مستەفا)و نوسینی ئەم پەڕەگرافە دیارە لە خۆڕا سەرچاوەی نەگرتووە. بەڵکو لە ئەنجامی چونە نێو دنیای نوسینەکانی و ، تارادەیەك ئاشنابون لە پێنوسەکەیی و باگراوندە ئەقلیەکەی، وای لەمن کرد، کە چیدی دەستەوەسان نەبم و لە ئاست بەرزی ئەم کەسایەتیە هەڵوێستەیەك بکەم و بەدیار چایەکی تاڵ و ئەفەسێکی قوڵی جگەرەکەم لە کەش و هەوایەکی سەرماو سۆڵەدا. ئەم نوسینە بێتە بون و لە ئێوارەیەکی تەنیاییدا باسی نوسینە تەنیایەکانی ئەم نوسەرە بێتە واقع.

## ئازارەکانی شاعیر لەودیو پەنجەرەکانەوە . .

(سەلام مستەفا) هەمیشە لەنێو پەنجەرە واقعیەکانی عەدەمەوە مرۆڤەکان دەبینێت، کە هەر یەکێك لەوان سەرقاڵن بە ژیانی بێ ئاگایی خۆیان.

چی دی کەسێك بەدی ناکرێ بێتە بەردەم پەنجەرەکەو سڵاوێکی سەرپێیی لە نوسەر بکات. کەسێك نییە گوێ رادێرێ بۆ فەلسەفەکانی ژیانی نوسەر.

تەنهاو تەنها ، قەڵەمەكەی دەستی و چەند وەرەقەیەك نەبێت كە هەمیشە سڵاو بۆ نەمریی نوسەر دەنێرن و لە ئاستیدا بەرزە باڵا رادەمێنن.

نوسەر بەدەم پیاسەیەكی تەنیایی سەر شەقامە تەنیاكانداو لەژێر لێواری لەوحە دارماوەكانی شاردا، لەگەڵ هەڵكێشانی خەمێكی قوڵدا. چاوی بڕیوەتە سروشت و ، بە پانتایی ژیانی دەورەبەری تێ رادەمێنێ. لەگەڵ هەموو بیركردنەوەیەكی قوڵ ، بۆ بابەتێكی تازە لە دایك بوو، سەیری ئازاری خەڵكیی و وێرانەی شار دەكات.

بەخۆی دەڵێ ، ناكرێ بێ دەنگی لە ئاست ئەم بێ هۆشیی و تاریكستانیەدا شتێك نەنوسم. بەخۆی دەڵێت ، پێش ئەوەی بنوسم ، سەرەتا پێویستم بە پیاسە كردنێكە. بۆ ئەوەی تەواو تەواو لە ناخی ئەم ئازارچێژەی خەڵكی بگەم. بۆ ئەوەی بنوسم پێویستم بە پارچە نانێكە . . پێویستم بە بینینی گوڵی هەمە جۆرە پێویستم بە بۆنی ئازادی ڕەهایە .

شاعیر زۆر بە هێمنی و بێ دەنگی چاوەڕێی (گۆران) دەكات ، بۆ ئەوەی پیاسەیەكی دوو قۆڵیی خەم ئامێزی باراناوی تەی بكەن.

ئیدی هەر خۆیان باشتر لەوە تێدەگەن کە ئازاری تەنیایی چەند بەسۆیە.

نوسەر چاوی لەسەر کتێبەکەی دەستی لادەبات و لە دورەوە ، بەدەم چاوەڕوانی (گۆران )دەبینێت.

(گۆران ) بە ئەسپایی و زەردەخەنەوە ، بەرەو ڕوی شاعیر هەنگاو هەڵدەگرێت.

سڵاوێکی بارانـاوی لەیەکتر دەکەن .

شاعیر بە هەڵەداوان ڕادەکات بۆ لای گۆران و. . پێی رادەگەیەنێ . . ئازیز لە کۆتاییدا هاتیت ، چاوەڕێم دەکردی ، وەرەو با لەم تەنیایی و ئافاتەدا تەنیایی یەکتر وەلا نێین و بەدەم هەناسەیەکی لەسەرخۆوە . . باسی نوسینەکانمان بکەین .

هەردوکیان بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا بەنێو لێزمەی بارانەکەدا ڕۆیشتن .

( سەلام مستەفا ) کتێبەکەی بەدەستیەوە خستبوە پشتیەوە.

لەو شەقامەدا ، جگە لە هەناسەی پیرۆزی ئەوان ، کەسی تر بەدی نەدەکرا .

بارانەکە کتێبەکەی بە تەواوی تەڕکردبو ، لەگەڵ هەر دڵۆپە بارانێك کە ئەیدا لەنێو لاپەڕەی کتێبەکە . . دنیایەك وشەی جوان ئاوێتەی بارانەکە دەبون ، (گۆران) کتێبەکەی لە (سەلام مستەفا) وەرگرت و ، لاپەڕەکانی هەڵدایەوە، سەرێکی باداو وتی ، بەڕاستی جوانە . بە کاوە خۆ و زەردەخەنەیەکەوە . وتی . تۆ ناوازەیت . سەلام . لەم نیشتمانە بەکرێ دراوەدا . لەم ئافات و بێ ویژدانی مرۆڤە . بێ ئاگاکانی وڵاتدا. تۆ گۆرانی خۆش نودی بۆ پەڕەسێلکە سپیەکان دەهۆنیتەوە . تۆ لەژێر هەر تکەیەکی ئەم بارانەدا. لە کۆمارێکی بێ نانیدا. بە وشەکانت بیر لە لەتێ نان دەکەیتەوە. بۆ هەژارانی. خەم هەڵ گرتووی زەمانە . . ئافەرم سەلام . بەراستی جوانە . . چەند جارێك گۆرانی شاعیر ئەمەی وتەوە.

کتێبەکەی لەسەر شەقامەکە داناو دەستی خستە سەرشانی (سەلام مستەفا)و لە چاوان ون بوون. لەنێو شەقامەکەدا، تەنها کتێبەکە مایەوە ، بایەکی توند لەگەڵ بارانەکەدا هەڵی کردو یاری بە لاپەڕەی کتێبەکەی نوسەر دەکرد، لەنێو لاپەڕەکاندا نوسرابوو :

نوسەرێك لێوان لێو لە داهێنان ، ناخێك پڕ لە شادی و دڵێك پڕ لە خەم و چاوانێك بۆ ئارامی ژیان.

لە چاو تروكانێكدا سەر شەقامەكە پڕ بوو لە خەڵكیی ، پڕ بوو لە وانەی كە تینوی شیعرەكانی شاعیرن. هەریەكەیان هاتن و لەنێو كتێبە تەربوەكەدا ، وشەكانیان برد بۆ خۆیان.

دواجار كتێبەكە بە سپیەتی مایەوە .

## بەیانیەكی جیاواز . . .

ئەو بایەنیە بە خۆم و جانتا شەق و شڕەكەمەوە بەنیاز بووم بەرەو باخی گشتی بڕۆم دەست بكەم بە نوسینی سیناریۆیەكی تەواو نەكراوم .

ملی ڕێگام گرتەبەر بە شەقامی سالمدا لەگەڵ هەر هەنگاوێكمدا. لە بیركردنەوەیەكی قوڵ دا بووم .

ئاخۆ كۆتای سیناریۆكەم چ پەیامێكی پێ یە بۆ كۆمەڵگا .

بە ڕاستی بیرو هزرم ئاڵۆز بوبو . .

هەورێکی ڕەشی تورەش . ئاسمانیان تەنی بوو. ئێستا نا تاوێکی تر. لەوانەبوو . بارانێکی زۆر دابکاو . . لافاوی لێ بکەوێتەوە .

ئەو شەقامە. جگە لە من و چەند کەسێك نەبێت. کە جلی کرێکاریان لەبەردابوو. کەسی تر نەدەبینرا.

تەنها . سەرو کەللەی ئەو کەسانە نەبێت. کە لە جامی تەڵخبوی ئۆتۆمبێلەکانیانەوە دەبینران کە ڕوخسارێکی شێواو و نامۆیان ئەنواند.

ئێ ئاخر ئەو چەند کرێکارەش دیار بوو نەهامەتی و نەداری وای کردبوو کە بەو شەبەقیە لەدەرەوە بن بۆ پەیداکردنی ژەمێکی ئێوارەی خێزانەکانیان لە پێناوی پارچە نانێکدا.

من سروشتم وایە تەنها هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵمژم. بەیانیانە . بۆیە هەموو بەیانیەك شەبەقی لەخەو ڕا پەڕیوم . چونکە بەیانیان بۆ من لەدایك بونێکی ڕۆژێکی نوێ یە.

خەریك بوو نزیك دەبوومەوە لە دەروازەی باخی گشتی. چەند دڵۆپە بارانێك بەر تەپلی سەرم کەوت . . ئیدی هەستم کرد بە تەواوی

ئاسودەی ئاسودەم و . . .چەندین بیرۆکەی سەرنج راکێش هات بە خەیاڵمدا بۆ تەواوکردنی سیناریۆکەم .

نێ ئاخر من ئولفم بە بارانەوە گرتووە .

گەر بە ویستی من بێت پێم خۆشە چوار وەرزە باران بونی هەبێت .

ئەوە بارانە . کە سەرتاپای جەستەمان پاکژ دەکاتەوە لە هەموو پیسیەکی ژیان .

ئەوە بارانە کە هیوا بەخشە بۆ نەمانی هەناسە قەتیس ماوەکان .

باران بەو قەشەنگیەو بەو پیرۆزیەی بەردەوام قەشەنگی و پیرۆزی دەبەخشێتە دوا ویستگەی مرۆڤەکان .

لەو چەند هەنگاوەی مابووم تاکو باخی گشتی چاوم لەسەر دارێکی سنەوبەری نێو باخەکە بوو. کە چەند پەرەسێلکەیەکی سپی لەنێو قەدە بەساڵاچوەکەی ئەم دار سنەوبەرە هێلانەیەکیان چێ کردبوو. سەرقاڵی پاکژکردنەوەو رێك کردنی هێلانەکەیان بوون .

گرمە گرمی هەورەکە ڕای چڵەکاندم و دایبڕیم لە سەیر کردنی پەڕەسێلکەکان.

باران دەستی کرد بە بارین .

بە پرتاو چومە نێو باخی گشتیەوە .

بە نێو ڕاستە ڕێگا کە هەنگاوم دەناو هەرواش بە تاسەوە بووم سڵاوێك. لەو شاعیرانە بکەم کە بۆ ئەبەدیەت. لەنێو ئەو هەموو دارودرەخت و گوڵی هەمەجۆری نێو باخەکە. لە وچاندابوون.

چوومە نزیکیانەوەو سەرم نەوی کرد بۆیان .

پاش سڵاو بە هەموویانم وت :

من لە سۆزو ئەوینی ڕەهای ئێوەیە کە لە خۆم دڵنیام . . تکایە ئەگەر سانایە. جوابێك بنێرین بۆ یەکتری. بۆ ئەوەی لە ئەوینی پڕ بایەخی ڕهاتان بتوانم هزرم فراوان کەم . . دڵنیایی تەواوم پێ ببەخشن. هەر هیچ نەبێ لە ڕوانگەتانەوە . . بێ بەش نەبین لەو زەردەخەنە ڕاستگۆیانەتان شاعیرەکان کە سەرتاپای جەستەی پیرۆزیان ئاویان لێ دەچۆڕا. هەستم بە پێکەنییکی هێمنانەی هەموویان کرد. منیش بە ئەدەبەوەو بە ئەسپایی لە حزوریاندا ڕەت بووم تاکو گەیشتمە دواین شاعیر کە حەمدی بەگی ساحیبقڕان بوو .

حەمدی . مات و مەلول . . غەمبار دەهاتە بەرچاو . .

ویستم تیَ ی پەڕێنم و بچمە پەناو پەسێرێك لەبەر خوڕەی بارانەکە . . نەك لەبەر خۆم بۆ ئەوەی کە تەڕ نەبم.

بەڵکو لەبەر جانتاکەم کە پڕی بوو لە وەرەقەی نوسراوی نیوە ناچڵ کە هەر خۆشم نەم دەزانی چی تیا نوسراوەو بۆچی و بۆ چ ئامانجێك دەنوسم . لەم نیشتمانە بیَ بەزەییەدا .

شاعیری گەورە . کۆکەیەکی کردوو . ئەوەندە بە خێرایی ئاوڕی دایەوە . پرژەی بارانەکەی سەر قژە ئاڵتونیەکەی بەر دەمو چاوم کەوت.

زۆر شادمان بووم . . لەناو ئەو هەموو خوڕەی بارانەدا . . زۆر جیاواز هەستم بەو چەوند پرژەیەی سەری ئەم شاعیرە کرد کە دای لە سیمام .

شاعیر بە خەمباریەوە بەمنی وت :

تکایە با ئەو شاعیرانەی تر بە غەمباریەکەم نەزانن دەنا ئۆقرە ناگرن . . بهێڵە با لە ژێر ئەو ڕێژنەی بارانەدا بەردەوام بن لە زەردەخەنە ماندوبونەکانیان .

منیش نزیك بومەوە لە حزوری و پێم وت ئەی بەڕێزتان بۆ وا غەمبارن . بۆ وەك ئەوانی دی خۆشحاڵ نین هەیە بە باران قەڵس بێت.
شاعیر وتی : کێشەکە باران نیە. شتێکی دیە .

لە ئێستە بەدواوە . ئیدی دڵەکانمان ڕێگە نادات ئازاری ئەو مرۆڤە خۆویستانەی شار لە ئەستۆ بگرین. ڕازی نابین بەردەوام ماتەمگێربین و خەڵکی لەنێو باوەشێك پارەی بێ بنەمادا پێکەنینی درۆینە ببەخشێتە ژیان . . . ئێمە وامان نەدەویست ئێمە بە ڕۆح نوسیمان بۆ مرۆڤایەتی .

کەچی جارێك ئەوان خەم هەڵگرتوو نەبوون و نەیان زانی واتای خەم پێناسە بکەن .

ئێمە خۆشبەختمان کردن . کەچی ئەوان گریانی درۆینە دەبەخشنە ئێمەو ڕوو وەردەگێڕن لە کتێب دوای ئەو هەموو کارەساتە چۆن بتوانین دڵیان پێ خۆش بکەین. چاوەڕێ ی کاری باشیان لێ ناکرێ و ناتوانین ئارام گربین . . تۆ شەوانە وەرەو سەرنج بدە چۆن پەرتوکەکانمان کراوە بابەتی هەراج بازاڕو دڵسۆزێك نابینی خۆی بدات لە قەرەیان. ئیدی چۆن غەمبار نەبم . بڕوا بکە ناڵەمان دەگاتە کەشکەلانی فەلەك. لەناو ناهەقی و ئازاری مرۆڤەکان و فڕێدانی پەرتوکەکان ،

ئەوان بۆ شادیەکانی خۆیان ئیمەو هەموو شتێکیان بیرچۆتەوە. تەنانەت ناشزانن بۆ دەگریەن . . بۆ پێ دەکەنن . . هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە پیرۆزی کتێب ناگەن.

هەناسەیەکم هەڵکێشاو زۆر بە ئەدەبەوە لە حزوریاندا وتم :

تۆ ڕاست دەکەیت بەڵام حەمدی گیان پێویست بە غەمباری ناکات ئەی نازانی ئەمریتان هەموو جێگایەکی گرتۆتەوە هێشتا مرۆڤانێك هەن شیعرەکانی ئێوەیان لەنێو دڵنیاندا هەڵگرتووەو شانازی پێوە دەکەن .

حەمدی بەگ بە چاوە تەڕبووەکانی سەیرێکی کردم و ووتی :

منیش ئەوە دەزانم ناخر هۆکارەکەی ئەوەیە هێشتا هەناسەی ژیان ئەدەین . ئەرێ بە ڕاست پیاوێکی ماندوو خەم لە کۆڵ زۆر جار دەبینم کە لێوان لێوە لە داهێنان مەبەستم سەلام مستەفایە. نەتبینیوە .

هەر کە ناوی سەلام مستەفای هێنا لە شوێنی خۆم وشك بووم .

چوومە بەردەمی و سەری پیرۆزیم ماچ کردو بە ساحێبقڕانم وت تۆ دڵنیایی لێرە بوو زۆر تامەزرۆی دیدتنیم .

حەمدی بە کاوە خۆ وتی . . بەڵێ بەڵێ .

زۆر جاران دەبینم بە دەم بیرکردنەوەوە وشەی جوان دێنێتە بوون و بە دیار تێڕامانی پەڕسێلکە سپییەکانەوە ئاهو حەسرەتێتی . جاری واش هەیە چەندین منالانی هەژار و برسی دەورەیان داوەو سەلامیش ئاوازی پڕ لە ئاسۆری پارچە نانێکی ڕەق بویان بۆ دەهۆنێتەوە.

بڕۆ ئەو ناوە بگەڕێ هەر دەیدۆزیتەوە . . .

بمبوورە کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ شاعیرانی هاوڕێمدا بچینە خەڵوەتی داهێنانەوە . . خوات لەگەڵ.

خەمی شاعیر لەگەڵ ڕێژنەی باراندا . ئاویتەی مێژوو دەبێت . .

سلاوێکی دوا دیدارم لەگەڵ شاعیرەکاندا . ئەنجام داو هەرواش چاوم لە پەرەسێلکە سپییەکان هەڵنەدەگرت. بارانەکە . بەخوڕ دادەباریە نێو دڵی درەختەکانەوە پەرەسێلکە سپییەکانیش . کە بە تەواوی تەڕبوبون. دایان لە شەقەی باڵ و بەنێو دارەکاندا ڕۆشتن. خەمی من ئەوەبوو دەبێت هەر بزانم. بۆ ئەوەندە ئەم باڵندانە. بڕستیان لێ بڕاوەو هەموان وەك یەك دەنیشتنەوەو بە چاوی داخراوەوە بەسەر چڵی دارەکانەوەو دەهاتن و دەچوون تاو نا تاوێك خۆیان دەکێشا بە دارەکاندا منیش لە دڵی خۆمدا وتم دەبێت شتێك ڕووی دابێت دەنا بۆ

نارامییان لەدەست داوە. تا نەوەی شاعیر بە خێرایی بەلامدا. تێ پەڕی و بە گیانی تەڕبووەوە. ناوڕێکی خێرای دایەوەو. سڵاوێکی لە من کردوو . بە هەڵە داوان بە نێو دارسنەوبەرەکاندا ڕۆی هەرواش بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد . مامۆستا گۆران . . گۆرانی پایە بەرز . من تاسەم لە دیدارەکەت و ووشە پڕ لە گەوهەرەکانت نەشکا . .چ زوو . بەجێت هێشتم .

منیش ناوڕم دایەوە بەڵکو مامۆستا گۆرانی شاعیر ببینم و لە حزوریدا پێ ی ڕابگەیەنم کە شاعیرێکی ماندو نەناس بە دواتا دەگەڕێت.

شاعیرێك . . کە ئەم هەموو خەمە کەڵەکەبووە . بەسەر شانیەوەیەتی.

بێ گومان . بە دیدارت ئاسودە دەبێت .

بەڵام هەرگیز گۆرانی پایەبەرزم نەبینیەوە . .

لە ڕاستیدا هەر بیرم چووبووەوە. کە بۆ تەواو کردنی سیناریۆکەم هاتومەتە ئەو باخچەیەوە .

بە ئاراستەی نێوەندی باخچەکەدا ڕام کرد . تا گەیشتم بە سەلام مستەفا .

کە ببینم پەرەسێلکە سپییەکان دەورە یان داوەو . هەمووان بەیەک ئاواز بۆ بەختەوەری شاعیر یان دەخوێند. ئاوازێک کە گەڵاو گوڵەکانی نێو باخچەکەی هێنابووە گریان.

شاعیریش پارچە نانێکی ڕەقی بەدەستەوە بوو . . وردی دەکردو . هەڵی ئەدا . . بۆ باڵندەکان .

شنە بایەک . جار جارە پەیدا دەبوو. زۆر هێمنانە ئەیدا بە گوێ ی شاعیردا هەروەک ئەوەی لەگەڵیدا بدوێ .

هەر بۆیە هێدی هێدی چاوەکانی بەرز کردەوە . بۆ ئاسمان و بە هەسنکەوە وتی .

تەمەن هەر لەخۆوە ئەڕوات . . . خەم ڕوخساری داگرتووم . . هەڵاڵەی عومری پابردوم. بەرگەی ژوانێک ناگرێ .

ئاخێکی هەڵکێشاو . . دەستەکانی نوساند بەیەکەوە. تاوەکو بارانەکە ناو دەستی پیرۆزی پڕ کرد لە ئاو . سەری بردە پێشەوە. بۆ ناو ئاوەکەی دەستی.

وێنەی خۆی تێدا ببینیەوە .

بەخۆی وت .

ئەی هاوڕێ هەمیشە یەکەم .

ئاخۆ ئەبێ چەند چەم و روبار ئاوی لێ وشك کرابێ .

ئاخۆ ئەبێ چەند هێلانە تێکدرابێ و باڵندەکان .

هەڵواسرابن .

ئەی هاوڕێ . ئەبێ ئێستا چەند پەرتوك . هەراج کرا بێ و . ووشەکانی پرسەیان بۆ گێڕابێ .

تۆ بلێ ی یەکێك هەبێت ئاگای لە حاڵی حاڵم بێ و درك بەوە بکات . کە خەمی من . خەمی ئەوەیە.

مرۆڤ گەلێك هەن . لە باران هەڵدێن . . بە پیرۆزی کتێب ئاشنا نین . . لە هەستی شیعر یاخی دەبن.

لە بۆنی گوڵەکان ومرس دەبن . ئیدی چۆن خەم لە کۆڵ نەنێم. کەتا ئەم ساتەش باڵندەکان بە باشی ناناسین.

سەری بردە پێشەوە زیاتر بۆ ئەوەی بەردەوام بێت . فرمێسکی چاوە ماندووەکانی . کەوتە ناو ئاوەکەی دەستی و . . . ئاوەکە ڕونیەکەی نەماو وێنەی شاعیریش لەنێو ئاوەکەدا نەما .

بە دەنگی منداڵێك شاعیر ڕاچڵەکی .

کە هاواری دەکرد . . برسیمە . . . برسیمە .

لەگەڵ وتنی ئەم ووشەیەدا .

باڵندەکان ئارامیان لەدەستاو . دەنگی ناوازەیان بە جارێ گۆڕا .

بارانەکە بووە تەرزەیەکی ڕەق و تەق .

شنە با گۆڕا . بۆ ڕەشە بایەکی بێزارکەر .

کە هەرچی گەڵاو گوڵی نێو باخچەکە هەبوو لە چڵەکانیان بوونەوەو پەرتەوازە بوون . بە جارێك نێو باخچەکە پڕبوو لە لایلۆن و پاشماوەی سەلوێنکەکان و باخچەکە جوانی لەدەست دا.

تاریکی باڵی کێشا بەو ناوەدا .

شاعیر ئاوڕی دایەوە . بینی منداڵێکی جوانی ڕەش و ڕوت بە سیمای دا دیارە. کە زۆر برسیە. بەرەولای منداڵەکە. ڕۆشت و پارچەیەکی بچوك لە نانە ڕەقەکەی پێ مابوو دای بە منداڵەکەو . بە ئەسپایی پێ وت.

دڵنیابە . لەم کۆمارە بێ نانەدا. وەك ئەوەی هەست بە گرمە گرمی ئەو ڕەشەبایە بکەم. زیاتر هەست بە گرمەی ناو سکت دەکەم . . . ئاخر من بە باشی پەرەسێلکەی سپی دەبینم . من دەنوسم کە نیشتمانەکەم کۆمارێکە بە بێ نان . . بۆی گەڕام . . تا ئێستەش بۆی دەگەڕێم.

دەنوسم و دەبینم . بۆ ڕەوڕەوەی مێژوو . . بۆ ئەوەی ئێوە کە گەورە بوون لەیادمان نەکەن.

دەستێکی هێنا بە سەری منداڵەکەداو .

پێ ی وت . . لە کام دۆزەخی ئەم نیشتمانە لە دایك بووی .

منداڵەکە کە دەمی پڕ بوو لە وردەنان . بە شاعیری وت . . لە هەڵبجەی خوێناوی .

شاعیر هەڵوێستەیەکی کردوو . . بە تەواوی باری دەرونی تێکچوو . چەند جارێك بە دەورەی منداڵەکەدا . لە هاتوچۆدا بوو . ئەم وتەیەی دەوتەوە لەبەر خۆیەوە .

کێ وێرای دەنگی گڕی بەتەمەن .

حەشاردا لەناو میهری ئاگر باراندا .

کێشای بەسەری خۆیدا . .

ئای خوایە گیان هەر لە بیرم نەمابوو . . بەیانی ٣/١٦یە دووبارە بە شانازیەوە دەبێت بچینە ناو مێژووەوە .

منداڵەکەی بەجێ هێشت و بە خێرایی رۆشت . . تاکو چووە ئەو دیوی باخچەکە . هەر واش پەرەسێلکە سپییەکان بەسەر سەری شاعیرەوە . لە باڵەفڕێدا بوون .

چووە نێو داڵانێکەوە . . تاریکی و دوکەڵێکی زۆر ناو داڵانەکەی تەنی بوو . سەلامی شاعیر لە چاوان وون بوو .

بە بەرزی داڵانەکەوە . لەوحە دارینەیەك هەڵواسرابوو . کە ئەمانەی لێ نوسرابوو .

تکایە ئەگەر هاتنە دیدەنی ئەم شوێنە .

بە ئەدەبەوە وەرن . . ئێرە مێژووی کارەساتی لەیاد نەکراوە .

گەر هاتن . . با چاوتان نەفرۆشتبێ بە تاریکی و دڵتان هەراج نەکردبێ و خۆتان نەدابێتە دەست قەدەر .

رۆژنامەی ٣/١٦

خاوەنی امتیاز . بێ هەڵوێست و دەربارەکانی زەمانە .

سەرنوسەر . . دڵی هەڵەبجە .

تیراژ : ٥٠٠٠ دانە

نرخ . . . چەند مشتێك خەردەل و سارین .

بە خوێندنەوەی تەواوی ئەو نوسراوانە . کەوتمە سەر ئەژنۆ و دنیا لەبەرچاوم تاریك بوو . بارینی بارانیش لە مێژ بوو نەمابوو . هەموو شتێك وەك سەراب و بیابان دەهاتە پێش چاو . چەند وەرەقەیەکم لەنێو جانتاکەم دەرهێناوو . بۆ شاعیرم نووسی .

هەنگاوەکانت لە کەس ناچێت .

بە شانازیەوە . . گۆرانی ژیانت بۆ دەڵێین تۆ بە ئەفراندنی شیعرەکانت چاوانی هەموان. دەکەیتە چاوی هەڵۆ . دەرونمان پڕە لە گریەو ناڵە. بۆ وشەکانت. ئەوە تۆیت سەلام مستەفا . ئاوێتەی بارانی بەختەوەری دەبیت و مێژوویەك دەنوسیتەوە . . نە کەس بەدوای پارچە نانێکدا. ڕابکاو و نە نیشتمانمان . بە کرێ دەدرێ و نە کەسیش جورئەتی ئەوە دەکات ئازاری پەرەسێلکە سپییەکان بدات.

تکایە خەم مەخۆ . . چونکە بەشداری خەمە کەڵەکە بووەکانتین لە ڕێگەی ووشە ئاڵتونیەکانتەوە . . . دواین جار هەستام. پارچە وەرەقەکەم کرد. بە بزماریکەوە کە بەلەوحەکەدا داکوترابوو.

دەستێك پارچە وەرەقەکەی لێ کردەوەو بەرەو دالانەکە بردی . . بۆم دەرکەوت . ئەو دەستە دەستی پیرۆزی گۆرانی شاعیر بوو . کە لە تەك سەلامدا. یادی ٣/١٦ یان دەکردەوە .



پێشڕەو ڕەفیق محمود کە بەشەهید ( پێشڕەو ) ناسراوە . . . هونەرمەندێکی بواری شانۆ بووە ، لەگەڵ چێواری نەمر چەندین کاری شانۆیی کردووە ، دیارترینیان شانۆیی (کوڕە دارینە ) بووە. یەکێك بووە لە ئەکتەرە خۆشەویستەکانی عوسمان چێواری نەمر. ساڵی ١٩٦٣ لە دایك بووە . لە ١٩٩١/٤/٣ کاتی هێرش بردنی فاشستەکان بۆ ناو شاری سلێمانی لە گردی مامە یارە دوای شەڕێکی سەخت سەربەرزانە شەهید بووە.

# ﴿ دوا وێستگە ﴾

ژیان لە ساتە وەختەکانی لەدایکبونماندا بە ئارامی دێتە بوون و لەنێو خەیاڵە جوانەکاندا بێشك ژیان بەرێ دەکەین . . تا دەگەینە ئەو ئاراستەیەی کە ژیان هەمیشە لەگەڵ مرۆڤەکاندا لە دووبارەبونەوەدایە. بۆیە ئێمەی مرۆڤیش سات لەدوای سات بەشوێن رێگەی دووبارەبوونەوەی ژیاندا دەگەرێین تا ئەوەی ماندووبونی مرۆڤە دەگمەنەکان لەیاد نەکرێن .

{ئازاد پێنجوێنی}

# ( سوپاس و پێزانین )

- هونەرمەند ئاکۆ ئاکۆیی
- هونەرمەند ڕەوەند پێنجوێنی .
- بەڕێز .. کاك تۆفیقی حەڵواچی .
- بەڕێز . . کاك رەئوف رەباتی .
- کاك شکار جەلال .
- کاك توانا ڕەزا .
- کاك شەماڵ حمە غریب
- کاکە حەمەی هەنگوین .
- کاك نەبەز غەریب .
- وە هەموو ئەو بەڕێزانەی هەناسەیان لەگەڵ هەناسەی ئەم کتێبەدا بووە .

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا /



- ناوی چواری : ئازاد اکرەم علی محمد رشید
- نازناو : ئازاد پێنجوینی .
- موالید : ١٩٧١ .
- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندان لە سەرەتای دروست بوونیەوە
- ئەندامی : تیپی پێشڕەوی شانوی کوردی . لە سالی ١٩٩٧ وە .
- ٢٦ سالە بێ دابڕان کاری نواندن و نووسین و سیناریۆ ئەنجام ئەدەم .
- وەك نوسین و دیداری هونەرمەندان لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا کارم کردووە .
- زیاتر لە ٣٠ فیلمی درێژو کورت وەك ئەکتەر بەژداریم کردووە کە زۆربەیان ڕۆلی سەرەکیم تیا بینیوە .
- یەکەم کاری ئەدەبیم وەکو کتێب ئەم بەرهەمەیە .
- بەرهەمی داهاتووم ( کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتە ) .

دوێنێ تێڕامانم بۆ ناسینی ژیان بەحزوری باران بوو

جوانی خولقابوو دڵ تامەزرۆ بوو

ژیان لەرێڕەوی ڕاستەقینە لاینەدابوو ، بەڵام ئەمڕۆ

نەبارانێك بەویستی من . نەدڵێكی پاراو بۆ ئەشقی ژیان

نە حەسرەتێك بۆ ویژدان هەستی پێ ناكرێ

سبەینانێش تاریكی و هەر تاریكی ....

كەوایە بۆ ئەوەی دەروازەی ئەو تاریكیە بۆئەبەد دا بخەین وەرن

بابەهاوڕێتی باران لەسایەی

ئەو مرۆڤانەی دەگمەنن وچانێك بدەین .....

**Aw Mrovanay Dagmann**

**By : Azad Penjweny**

**Kurdistan 2017**